# زانكۆى سەلاحەدين-هەولێر
# كۆلێژى زانستە سياسييەكان
## بەشى سيستەمە سياسييەكان وسياسەتى گشتى

سمستەرى دووەمى خوێندنى ماستەر بۆ ساڵى خوێندن (2024-2023)

# حكومەتە خۆجێيەكان لە نێوان مەركەزيەت و لامەركەزيەتدا

پ.ى.د.موفق عادل عمر

# چەمکی حکومەتی خۆجێی



2

حکومەتی خۆجێی: جۆرێکە لە سیستەمەکانی کارگێری دارایی گشتی وئامرازێکە لە ئامرازەکانی گەشەسەندن کە ئامانجی زیاد کردنی کوالیتی ئەدای کارگێرییە لە دەولەتدا.

- بە پێی ئەم سیستەمە حکومەتە خۆجێیەکان هەندێك دەسەڵات وبەرپرسیاریەتیان پێ دەدرێت بۆ ئەوەی پارمەتیدەر بێت بۆ خێرا جێبەجێ کردن و دەرکردنی بڕیارەکان بە شێوەیەکی ئاسان و دوور لە کۆنترۆڵی مەرکەز بەڵام بە مەرجی ئەوەی ئەم بڕیارانە پەیوەندیداربن بە جێبەجێ کردنی سیاسەت وئامانجەکانی پەرەپێدانی دەولەت.

- حکومەتی خۆجێی بریتیە لە لامەرکەزیەتێکی هەرێمیی وەك شێوازێك لە

شێوازەکانی رێکخستنی کارگێری دەوڵەت.

- واتا حکومەتی خۆجێی (ئیدارەی خۆجێی) هۆکارێکە بۆ گواستنەوەی هەندێك لە دەسەڵاتەکان بۆ یەکە خۆجێیەکان، ئەمەیش کاریگەری نابێت لەسەر دەسەڵات و اختصاصاتی حکومەتی مەرکەزی بەڵکو تەعبیر لە ئەلیەتی هاریکاریی دەکات لە نێوان یەکە خۆجێیەکان و مەرکەز.

5/31/2024

- پێش ئەوەی پێناسەیەکی گشتی بۆ حکومەتی خۆجێی بکەین پێویستە ئەم چەند خاڵە بخەینەڕوو:

**یەکەم:** زۆر زەحمەتە پێناسەیەکی گشتی بۆ ئیدارەی خۆجێی بکەین چونکە لە رووی ئەرکەکانیەوە هەمەچەشن و هەمەجۆرن وئەم ئەرکانە لە وڵاتێکەوە بۆ وڵاتێکی دیکە جیاوازن بە هۆی جیاوازی سیستەمی سیاسی وئاراستە هزریی وسیاسییەکانیەوە.

**دووەم:** ئامانجەکانی ئیدارەی خۆجێی لە سەدەیەك بۆ سەدەیەکی دیکە جیاوازن، بۆیە زۆر زەحمەتە پێناسەیەکی گشتی بۆ بکرێت. بۆ نمونە ئامانجەکانی ئیدارەی خۆجێی لە سەدەی 21 جیاوازە لەوەی کە لە سەدەی 20 دا هەبووە.

**سێیەم:** ناوەڕۆك (بنەما) و پێکهاتەی ئیدارەی خۆجێی جێگیر نییە وناکرێت لە چوارچێوەی پێناسەیەکی گشتی کۆبکرێتەوە. (ئەنجومەنە خۆجێیەکان + دەزگای جێبەجێکردنی خزمەتگوزارییە خۆجێیەکان= بنەمای ئیدارەی خۆجێی)

## چەند پێناسەیەکی حکومەتی خۆجێی:



یەکەم:

بەرتیانیەکان بەم شێوەیە پێناسەی دەکەن (حومکی زاتیەکییەکە "خودموختاریەکی" کە تەنها پەیوەندیدارە بە لایەنی ئێدارەوە بە بێ ئەوەی دەسەڵاتی یاسا دانانی هەبێت "تەشریع" )

- ئەم پێناسەیە زیاتر جەخت لەسەر بوار و چوارچێوەی خۆجێی دەکات بەڵام پێناسەیەکی گشتگیر نییە، هەروەها پێناسەیەکی هونەری ووردیش نییە.

- پێناسەکە لەوانەیە بۆ وڵاتە یەکگرتووەکان (واتا ئەوانەی سیستەمی فیدرالی نین) راست و دروست بێت بەڵام بۆ وڵاتە فیدرالیەکانی وەکو ئەمریکا و سویسرا و کەنەدا دروست نەبێت.

دووەم:

(حوكمی خۆجێی جۆرێكە لەو حكومەتە كە خزمەتی ناوچەیەكی بچووك دەكات 6 لە رێگەی مومارەسە كردنی "جێبەجێ كردنی" ئەو دەسەڵاتانەی كە پێیدراوە و ئەوانەی كە خۆی هەیەتی)

- دەتوانین بڵێن ئەم پێناسەیە نزیكترە لە راستیەكان، چونكە

1) حكومەتە خۆجێیەكان دەسەڵاتی دەركردنی ئاسایان نییە.

2) ئەو دەسەڵاتەی هەیانە جێبەجێ كردنی یاساكانە

3)دەسەڵاتەكانی تەنها بریتیە لەو دەسەڵاتانەی كە خۆی هەیەتی وئەوانەی كە پێیدەدرێت لە لایەن دەوڵەتی مەركەزیەوە لە چوارچێوەی دەسەڵاتی یاسادانان یاخود دەستوری وڵات.

# پرسیار: ئایا ئەنجومەنی پارێزگاکان دەسەڵاتی یاسادانانیان هەیە؟

وەڵام:



کۆدەنگیەك هەیە لە لایەن زانایانەوە کە حکومەتی خۆجێی دەسەڵاتی یاسادانانیان نییە، ئەنجومەنی خۆجێیەکانی تایبەت بە ئیدارەی خۆجێی دسەڵاتی یاسادانانیان نییە، هەرچەندە دەسەڵاتی دەرکردنی هەندێك رێنمایی هەیە و ئەو رێنماییە خۆجێیانەی کە ئەم ئەنجومەنانە دەریدەکەن بە هەڵە پێیان دەوترێت (یاسادانانی خۆجێی).

سێیەم:



)حکومەتی خۆجێی بریتیە لە چەند یەکەیەك و دەزگایەکی ئیداریی لەسەر هەر شێوازێك و ئاستێکدا بێت لە وڵاتەکەدا، بە مەرجێك ئاستی نزمتر بێت لە حکومەتی نیشتمانی لە دەولەتە یەکگرتووەکاندا و لە حکومەتی ویلایەت لە وڵاتانی فیدڕاڵیدا(

چوارەم:

(ئەو ناوچە دیاریکراوانەیە کە تیایدا چالاکیە خۆجێیەکان ئەنجام دەدرێن لە رێگەی دەستە هەڵبژێردراوەکان لە لایەن دانیشتوانە خۆجێیەکانەوە لە ژێر چاودێری وسەرپەرشتی حکومەتی مەرکەزی)



-بە پێی پێناسەی سەرەوە دەتوانین گرنکترین تایبەتمەندی وتوخمەکانی حوکمی خۆجێی دیاری بکەین:

یەکەم: بوونی ناوچە وبەشە جوگرافیە دیاریکراوەکان.

دووەم: بەخشینی کەسایەتی مەعنوی بەم ناوچانە بۆ ئەوەی بتوانن چالاکیە خۆجێیەکانیان جێبەجێ بکەن.

سییەم: بوونی دەستەکانی هەڵبژێردراو لە لایەن دانیشتوانە خۆجێیەکان.

چوارەم: چاودێری و سەرپەرشتی مەرکەزی.

پاساوەکانی بوونی حوکمی خۆجێی:

1-سیاسی: ئەوەیش لە سەر بنەمای بەدشاری کردنە لە پرۆسەی دەرکردنی بڕیارەکانی ئیدارەی کاروبارە خۆجێیەکان (محلیەکان) بە تایبەت لە بوارەکانی ئیدارەی خزمەتگوزارییەکان و دابەشکردنی پرۆژەکانی گەشەپێدان.

2-ئابوری: مەبەست لێی خەرجییەکان و دۆزینەوەی سەرچاوەی تحویل کردنە دارییەکان و ئەنجامدانی پرۆژە گونجاوەکان بۆ کلمەڵگە خۆجێیەکان.

3-کۆمەلایەتی: پشت بە گەشپێدانی پەیوەندییەکانی نێوان ناوچە و پارچەکانی وڵات و تێرکردنی ئارەزووەکان و دابین کردنی پێداویستیەکان؟

4-ئیداری: کەمکردنەوەی ئەرکەکانی حکومەتی مەرکەزی، بەرزرکدنی کوالیتی ئیدارە، نەرمی نواندن لە بەکارهێنانی شێوازەکانی ئەدا (بەجێ گەیاند)، ئەنجامدانی چاکسازی ئیداری بە شێوەیەکی ئاسانتر.

# روکنەکانی حوکمی خۆجێی:



1-بوونی بەرژەوەندی خۆجێی لە ناوچەیەکی جوگرافی دیاری کراو.

2-بوونی ئەنجومەن یاخود دەستە هەڵبژێردراوەکان بۆ سەرپەرشتی کردنی بەرژەوەندییە خۆجێیەکان وبەرێوەبردنیان.

3-بوونی ئەو دەستانە کە اختصاصی رەسەنی (اصیل) جێبەجێ دەکەن واتا کەسایەتیەکی اعتباری و سەربەخۆییەکی دارایی و ئیداریی رێژەیی هەیە لە ژێر چاودێری مەکەزی دیاری کراودا.

# شێوازەکانی حوکمی خۆجێی



1-شێوازی فەرەنسی: بنەماکەی دەگەڕێتەوە بۆ سۆڕشی فەرەنسی (1789) و ئەو تەشریعاتانەی کە لەسەردەمی ناپلیۆن دەرچوو. دیارترین سیماکانی بوونی پارێزگاروئەو دەسەڵاتە مەرکەزیانەی کە هەیەتی.

2-شێوازی بەریتانی (ئەنگلۆساکسۆن) گرنگترین تایبەتمەندی بریتیە لە ڕەسەنایەتی حکومەتە خۆجێیەکانی کە پێش دامەزراوە مەرکەزییەکان سەری هەڵداوەتەوە.

3- شێوازی سۆڤیەتی (پێشوو): لەسەر بنەمای بەستنی ئیدارە خۆجێیەکان بە مەرکەز دامەزراوە و بە تایبەتمەندی (دیموکراسی مەرکەزیەت) دەناسرێت.

4-شێوازی تەقلیدی: زیاتر خۆی لە ئیدارە ئەهلیکان دەبینیتەوە و بەوە ناسراوە کە داب و نەریت لە ئیدارەی کاروباری خۆجێی مومارەسە دەکرێت.

# کێشەکانی حکومەتە خۆجێییوکان



-بە شێوەیەکی گشتی کێشەکان بریتین لە:

- هەندێ گرفت هەیە پەیوەندیدار بە اختصاص ودەسەڵات و پەیوەندی نێوان دەسەڵاتی جێبەجێ کردن و دەسەڵاتی خۆجێی.
- ئەو کێشانەی کە پەیوەندی بە نوێنەرایەتی رێژەیی هەیە بۆ چینە جیاوازەکان بە تایبەت ئافرەت لە ئەنجومەنە خۆجێیەکاندا.
- ئەو کێشانەی کە بریتین لە دەستێوەردانی هۆز وقەبیلە و عەشیرەت لە کاروباری ئەنجومەنە خۆجێیەکان و دەستێوەردانی ئەوانەی نفوزیان هەیە لە ئاراستە کردنی موناقەشەکانی ئەنجومەن.
- نەبوونی یاخود لاوازیی لایەنەکانی ئۆپۆزسیۆن لەم ئەنجومەنانەدا.
- ئەو پێشێلکاریانەی کە لە پرۆسەی هەڵبژاردنەکان و ئیدارە خۆجێیەکان روودەدەن.
- لە وڵاتە تازەپێگەیشتووەکان، ئیدارە خۆجێیەکان لە رووی داراییەوە لاوازن بەراورد بە دەزگا ئیدارییەکانی مەرکەز.

## دەکرێت کێشەکانی حکومەتە خۆجێیەکان بەم شێوەی خوارەوە پۆلین بکرێن:



یەکەم: کێشە داراییەکان

-لایەنی دارایی زۆر گرنگە بە هۆی کەمی سەرچاوە بەردەست وپێویستەکان بۆ ئەنجامدانی خزمەتگوزارییەکان، سەرچاوە دارییەکان سنوردار نییە بە کۆکردنەوەی باج و رسوماتەکان بەڵکو زۆر جار پێویستی بە یارمەتیە جێگیرەکانی حکومەتی مەرکەزی هەیە.

دووەم: کێشە هونەرییەکان

کەمی ئەزموون و نزمی ئاستی کوالیتی فەرمانبەرانی ئیدارەی خۆجێیی و کەمی ژمارەی پسپۆران بە یەکێك لە کێشە کلاسیکیەکان هەژمار دەکرێت.

## سێیەم: کێشە ئیدارییەکان

16

سکاڵا تۆمارکردن بەرانبەر روتینەکان و بەربەرست خستنەبەردەم کارەکان و فرەیی رێوشوێنەکان و نەبوونی هەماهەنگی و لاوازی دەزگا ئیداریەکان، هەروەها لاوازی دەزگای جێبەجێکردنی ئیدارە خۆجێیەکان و تێنەگەیشتنیان بۆ ئەو واقیع و بارودۆخە ناوخۆییەکان و بلاوبونەوەی کەسایەتیە ناکارامەکان (شخصیات غیر کفوءة)، ئەمانە سەرجەمیان کێشەی راستەقینەن کە پێویستیان بە چارەسەرێکی بنەرەتی وواقیع بینانە ووردی پێویستە کە لە گەڵ کاری سەر ئاستی ناوخۆ گونجاو بێت.

# هۆکارەکانی سەرهەڵدانی حوکمی خۆجێی چین؟



یەکەم: زیادبوونی ئەرکەکانی دەوڵەت

-پێشتر ئەرکی دەوڵەت سنوردار بوو بە پارێزگاری کردن لە ئاسایشی ناوخۆ و رووبەرووبونەوەی مەترسیە دەرەکیەکان ودادپەروەری لە نێوان خەڵکدا، چونکە پێشتر دەوڵەت تەدەخولی کاروباری ئابوری و کۆمەلایەتی و تەندروستی ......هتد نەدەکرد.

-بەڵام لە ڕۆژگاری ئێستادا ئەرکەکانی دەوڵەت وبە هۆی پێداویستیە گشتیەکانەوە ناچارکراوە تەدەخول لەو کاروبارانە بکات کە ئەستەمە بە تەنیا لەسەر ئاستی مەرکەزدا ئەم ئەرکانە بە باشی ئەنجام بدات.

- بۆیە لەبەر ئەم هۆکارەیە بیرۆکەی حکومەتە خۆجێیەکان دروست بوو، بە مەبەستی ئەوەی هەندێك لەو ئەرکانەی دەولەت هەڵبستێت کە لە سنورێکی جوگرافی دیاریکراودایە. ئامانجی ئەم بیرۆکەیەش (واتا حکومەتی خۆجێی) کەمکردنەوەی ئەو ئەرکانەیە کە حکومەتی مەرکەزی پێان هەڵدەستێت.

- لە ئەنجامی ئەم پێشهاتانە بیرۆکەی دابەش کردنی ئەرکەکان لە نێوان حکومەتی مەرکەزی (نیشتیمانی) و حکومەتە خۆجێیەکان هاتە کایەوە، بە شێوەیەك ئێستا هەندێك ئەرك هەن کە راستەوخۆ لە لایەن ئیدارە خۆجییەکانەوە ئەنجام دەدرێن، هەر لەبەر ئەم هۆکارەشە دەوترێت سیستەمی حکومەتی خۆجێیی بۆتە زەرورەتێك بۆ چارەسەر کردنی فراوانی و زۆری ئەرکەکانی حکومەتی مەرکەزی.

## دووەم: هەمەچەشنی شێوازەکانی ئیدارە بە پێی بارودۆخە ناوخۆییەکان (محلییەکان)



-لە سەرەتا سەری وڵاتدا ئیدارەی مەرکەزی لە کاتی ئەدا کردنی خزمەتگوزارییەکان هەندێك شێواز و جۆی لێکچوو بەسەر هاوڵاتیاندا جێبەجێ دەکات و بە شێوەیەکی یەکسان، بەڵام لەسەر ئاستی خۆجێی بابەتەکە لە بنەرەتەوە جیاوازە (واتا شێوازەکانی ئەدای خزمەتگوزارییەکانی حکومەتە خۆجییەکان) چونکە جیاوازی لە نێوان ناوچەکاندا وا دەخوازیت هەندێك جیاوازی هەبێت لەو رێگایانەی کە پەیرەو دەکرێن بۆ پێشکەشکردنی خزمەتگوزارییەکان.

## سێیەم: حکومەتە خۆجییەکان شارەزاترن لە هەست کردن بە پێداویستیە خۆجێیەکاندا



- سیستەمی حکومەتە خۆجێیەکان هەوڵ دەدەن زۆرترین ژمارەی دانیشتوانە خۆجێیەکان (محلیەکان) بەشداری لە ئیدارە و رێکخستنی کاروبارە خۆجێیەکان پێ بکەن، بۆیە ئەمانە تێگەیشتنی زیاتریان دەبێت بۆ پێداویستی و کێشە خۆجێیەکانی فەرمانبەرانی ئیدارەی مەرکەزی کە زۆربەیان هەست بەم پێداویستە و کێشانە ناکەن وەکو ئەوانەی محلیەکان.

# چوارەم: ڕاهێنان لەسەر شێوازەکانی حوکم



-حوکمرانی خۆجێیی یارمەتیدەر دەبێت بۆ پەروەردەکردنی فەرمانبەرەکان پەروەردەیەکی سیاسی باش، و ڕایاندەهێنێت لەسەر شێوازەکانی ژیانی نوێنەرایەتی کردن لە ڕێگەی پێکهێنانی ئەنجومەنە خۆجێیە هەڵبژێردراوەکان لە لایەن دانیشتوانی ناوچەکە، ئەم ئەنجومەنانەیش بە پێی بۆچوونی زۆرێك لە نووسەران قوتابخانەی گرنگن بۆ ڕاهێنان و پێگەیاندنی باشترین و بە کوالیتیترین فەرمانبەرانی دەوڵەت.

# پێنجەم: دادپەروەری لە دابەشکردنی ئەرکە دارییەکان



-ئەوە تێبینی کراوە لە کاتی بەرێوەبردنی دام ودەزگا حکومیەکان (میریەکان) لە لایەن ئیدارەی مەرکەزیەوە، نەتوانراوە دادپەروەری پەیرەو بکرێت لە کاتی دابەش کردنی ئەرك و بەرپرسیاریەتیە دارییەکاندا لە رووی باجدەرەکانەوە.

-دابەشکردنی داهاتەکان بە ویست و ئارەزووی حکومەتی مەرکەزیەوە، زیانی بۆ هەندێك دامەزراوە و تاکەکان هەیە.

-لەم حاڵەتەدا، بوونی حکومەتی خۆجێیی باشترین ئامرازە بۆ دابەشکردنی داهات (پارە)، چونکە ئەم دابەشکردنە زیاتر بە ڕەزامەندی دانیشتوانی یەکە ئیداریەکان دەبێت.

# شەشەم: کەم کردنەوەی رێوشوێنەکان ونەهێشتنی روتین



-بوونی دەستە خۆجێیەکان کە هەڵدەستێت بە ئەنجامدانی چەندین کاروباری تایبەت بە دانیشتوانی ناوچەکە، پارمەتیدەر دەبێت بۆ ئاسنکاری کردن لە رێوشوێنەکان و نەهێشتنی روتینی ئیداری، بەم شێوەیە کێشە ناوخۆییەکان لەسەر ئاستی ناوخۆدا چارەسەر دەکرێت، لە جیاتی ناردنەوەی بۆ پایتەخت (حکومەتی مەرکەزی)

# حەوتەم: پەرەپێدانی ناوخۆیی



- پەرەپێدانی گشتگیر بە رێگەی پەرەپێدانی خۆجێیی تێدەپەرێت.

-چەمکی پەرەپێدانی خۆجێیی بۆ یەکەم جار لە ساڵەکانی شەست و حەفتاکاندا لە فەرەنسا بەدەرکەوت.

-پەرەپێدانی خۆجێیی پێشنیاری ئەوە دەکات کە زیاتر تەرکیز لەسەر هەستی ئینتیمای دانیشتوان بۆ شوێنی نیشتەجێبوونیان بکەن.

# پەرەپێدانی خۆجێی



-ئەوە تێبینی کراوە لە کاتی بەڕێوەبردنی دام ودەزگا حکومیەکان (میریەکان) لە لایەن ئیدارەی مەرکەزیەوە، نەتوانراوە دادپەروەری پەیرەو بکرێت لە کاتی دابەش کردنی ئەرك و بەرپرسیاریەتیە داررییەکاندا بە تاییەت لە رووی باجدەرەکانەوە.

# پێناسەی پەرەپێدانی خۆجێی



(بریتیە لە کۆمەڵە سیاسەت وپرۆژە و بەرنامە، کە بە پێی ئاراستە گشتیەکانەوە بە دی دەهێنریت بە مەبەستی گۆرانگاریەکی ویستراو وئەمانجادار لە کۆمەڵگە خۆجێیەکان بە ئامانجی بەرزکردنی ئاستی بژێوی ژیان لەو کۆمەڵگایانەدا ئەویش لە رێگەی باشترکردنی سیستەمی داهاتەکان)

- پرۆسەیەکی گشتگیرە، هەرچەندە وا دەردەکەوێت کە



پرۆسەیەکی ئابورییە، بەڵام لە کۆتاییدا ئامانجەکەی کۆمەلایەتی – پەرەپێدانی سیاسییە.

- هیچ سیستەمێکی سیاسی دیموکراسی دروست نابێت ئەگەر یەکێك لە شێوازەکانی حوکمرانی خۆجێیی لە خۆ نەگرێت.

- لامەرکەزی حکومی یەکێکە لە گرنکترین ئامرازەکانی بەشدارییی کاریگەر، هەروەها بەشداری کردن لە حکومەت، لامەرکەزیەتی ئیداری بەدوای خۆیدا دەهێنێتەوە.

له كۆتاییدا دەتوانین چەمكی پەرەپێدانی خۆجێیی لە چوار توخمی سەرەكیدا كورت بكەینەوە:

یەكەم: گشتگیری

- دەبێت بەرنامەكانی پەرپێدان سەرجەم بوارەكانی پێداویستی كۆمەڵگا لە رووەكانی تەندروستی، ئابوری، پەروەردە لە خۆ بگرێت و لە هەمان كاتدا بۆ سەرجەم توێژەكانی كۆمەڵگا بێت.

## دووەم: هاوسەنگی



-هاوسەنگی بە واتای فەرامۆش کردنی بوارێك لە بوارەکان یاخود بەرنامەیەك لە بەرنامەکانی پەرەپێدانی خۆجێی نایێت، بەڵکو بە واتای دیاری کردنی رێژەکانی وەبەرهێنان دێت لە سەرجەم بوارەکاندا بە رێژەی گونجاو.

-لەوانەیە هەندێك باروودۆخ ئەوە بخوازیت هەندێك لە خزمەتگوزارییەکانی کەرتی پەروەردە یاخود تەندروستی یانیش ئابوری ....هتد، زیاتربن.

# سێیەم: هەماهەنگی



-لە پاڵ تایبەتمەندی گشتگیری وهاوسەنگی، پێویستی بە هەماهەنگی دەبێت بۆ ئەوەی تێکەڵی لە نیوان بەرنامەکان روون نەدات و ڕۆڵ و پێگە وکاتی بەرنامەکان دیاری بکرێت و روون ببێت لە رووی ئامانجە کردییەکانی پەرەپێدان.

# چوارەم: هاریکاری وکارلێکی ئەرێنی



-زۆر گرنگ وزەرووره هاریکاری وکاریگەری لە نێوان چالاکیەکانی کۆمەڵگە وتوخمەکان ژیانی کۆمەلایەتی هەبێت، جا ئەگەر دامەزراوەی پەرەپێدان حکومی بێت یاخود ناحکومی.

-نابیت ئەم هاریکاریە بۆ رێکەوت (صدفه) بە جێبهێلدرێت.

- پێویستە ژینگەی لەبار وگونجاو بۆ ئەم هاریکارییە برەخسێت.

# سوودەکانی پەرەپێدانی خۆجێی



-هەڵسان بە ئەنجامدانی کاری خۆبەخشی ودەسپێشخەرییە جیاوازەکان کە خزمەتی کۆمەڵگە دەکات.

-دیاری کردنی پێداویستیەکانی تەواوی کۆمەڵگە بۆ ئەوەی ڕۆڵەکانیان پێرابگەێنن وئامادەیان بکەن.

-پاڵپشتی کردنی ئەنجامدانی توێژینەوەی زانستی، بە تایبەت ئەوانەی ئاراستەی خزمەتکردنی کۆمەڵگە کراون.

# سوودەکانی پەرەپێدانی خۆجێی



-بەرپا کردن وبلاوکردنەوەی کەلتوری گفتوگۆی بنیاتنەر، بیروبۆچونی جیاواز لە نێو کۆمەڵگەدا. (کەلتووری داهینان).

-بلاوکردنەوەی هەستی ژینگە پارێزی وبەکارهێنانی نمونەیی سەرچاوە سروشتیەکان لە لایەن توێژە جیا جیاکانی نێو کۆمەڵگەدا.

-پارێزگاری کردن لە کەلەپور بە گشت ڕەنگ و شێوازەکانی.

# سوودەکانی پەرەپێدانی خۆجێی



-پاڵپشتی کردن لە پرۆژەکانی پەرەپێدانی ئاراستەکراو بەرەو خزمەتکردنی کۆمەڵگە وپرۆژە کۆمەڵگەییەکان وبەرهەمێنەکان و راهێنانی ستافی مرۆیی لە شوێنەکانی کاردا.

-دروست کردنی پرۆژە بازرگانییە بچووکەکان.

# بەرمەبنای زانیارییەکانی سەرەوە پەرەپێدانی خۆجێی لەسەر بنەمای کارلێکی نێوان چەند لایەنێکی دروستکەری حوکمی خۆجێی دروست بنیاندەنرێت



1- حکومەت ودامەزراوە گشتیەکان.

2-دامەزراوەکانی کەرتی تایبەتی خۆجێی.

3-رێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی خۆجێی.

4-رێکخراوە نێودەوڵەتییە حکومیەکان وناحکومیەکان،

5- ڕێکخراوە هەرێمییەکان.

6-دامەزراوەکانی کەرتی تایبەتی نێودەوڵەتی وئەو کۆمپانیانە کە چالاکیەکانیان لەسەر ئاستی نێودەوڵەتیدایە.

7- ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی جیهانی

8- ئەنجومەنە میللییە خۆجێیەکان.

9- تاکەکان و نێوان گەڵانی هەمان وڵات و لە دەرەوەیدا.

# سروشتی حوكمی خۆجێی لەسەر چەند فاكتەرێك بنیاتنراوە



## یەكەم: پلاندانان وئامادەكاری:

-یەكەكانی حوكمی خۆجێی هەڵدەستێت بە ئەنجامدانی ئەمانەی خوارەوە:

**أ-گۆرینی كەلتووری رێكخستن:**

-پەرەپێدان ونوێكردنەوە كەلتووری رێكخستنی دامەزراوەكانی حوكمی خۆجێی لە رێگەی هێنان وپەیرەوكردنی شێوازە نوێیەكانی كاركردن وئامادەكردنی ئیدارە خۆجێیەكان و ئاراستەكردنیان بەرەو وەڵامدانی پێداویستیە گشتیەكان، و پەرەپێدانی كەلتووری فێربوون لە نیوان كرێكار و ستافەكانی ناو یەكەی خۆجێی.

ب- چاودێری کردنی ئەدا لە ناوەوە و دەرەوەی یەکەکانی حوکمی خۆجێیی:



-ئامانجی چاودێری بریتیە لە زانینی لایەنەکانی کەم وکوری یاخود ئەو خزمەتگوزاریانە کە پێویستیان بە باشتر کردن هەیە.

-مەرجە چاودێری وبەراورد کردن بە شێوەیەکی رێك ووەرزی ئەنجام بدرێت.

-پەرەپێدانی ئامرازەکانی چاودێری کە گەرەنتی بەردەوامی کار دەکات بە شێوازە نوێیەکان.

ج- ئامادەکردنی کادری مرۆیی و هاندانی:



-راهێنانی کرێکارەکان بە مەبەستی پێدانی زانیاری پێویست پێیان وپەرەپێدانی کاراماییە هونەرییە زەرورییەکان و پێشکەشکردنی ئامرازە دیارەکان وەکو چارەسەر کردنی کێشەکان وهێلکارییەکان، شیکردنەوەی داتاکان، هۆکار وکاریگەری....هتد.

**د-دابین کردنی سەرچاوە وتوانا وزانیارییەکان:**

-بۆ دابین کردنی سەرچاوەکان پێوستە کات و ئامرازی نوێی لەبەر دەست بێت.

جگە لە دروست کردنی بنەمایەکی نوێیە بۆ زانیارییەکان.

**هـ- پێکهێنانی لیژنەیەك بۆ سەرپەرشتی کردن:**

- بۆ جیبەجێ کردنی کاری خۆجێی بە شێوەیەکی جددی وریێك، مەرجە چوارچێوەیەکی دامەزراوەیی پێکبهێنریت بۆ ئەوەی سەرپەرشتی ئەم کارە خۆجێیەکانە بکات.(1993 نموونەی ئەمریکا)

# دووەم: تەرکیز کردن لە سەر خزمەتگوزارییەکان



1-تەرکیز کردن لەسەر خزمەتگوزاییەکان ئەویش لە سادەترین خزمەتگوزاری تا ئالۆزترینیان.

2-گرنگیدان بەو خزمەتگوزاریانە کە گرنگی باشی پێدەدریت لە لایەن رای گشتیەوە،ئەو خزمەتگوزارییانە کە هاوڵاتیان لە نزیکەوە هەستی پێدەکەن.

3-گرنگیدان بەو خزمەتگوزاریانە کە داهاتیان زۆر بەرزە.

4-باشتر کردن و ئاسنکاری کردن لە رێورەسمەکانی کاری دامەزراوەیی بە شێوەیەکی گشتی و کاری خۆجێی بە شێوەیەکی تایبەت.

## سێیەم: چاودێری کردنی جێبەجی کردن



**-بریتیە لە قۆناغی پرۆسەکانی جێبەجێ کردنی سەرەتایي ولەسەر بنەمای دانانی ستراتیژیەت وپلانەکانی جێبەجێ کردن وئالیەتی پەیرەو کردن وچاودێری کردنی بە پێشچوونی پرۆژەکان لە رێگەی ئەم خاڵانەی خوارەوە:**

. – کۆکردنەوەی زانیاری لە سەرچاوە جیاوازەکانی وەکو:زانیارییە بلاوکراوەکان وبابەت وتوێژینەوەکانی ڕۆژنامە خۆجێیەکان، راپۆرتەکانی دامەزراوە پیشەسازیي ودارییەکانی دەولەت و ئەوانەی تر.

-ئەو زانیاریانەی کە لە گۆنگرە وچاوپێکەوتنە نافەرمیەکان بە دەست دەکەوێت.

# چوارەم: پاڵپشتی کردنی سەرکردە ئیداریەکان



-پاڵپشتی کردنی سەرکردە ئیدارییەکان زیاتر بریتیە لە گرنگی دان بە ڕێنمای و یاساکانە.



-بەم شێوەیە:

*گرنگی دان بە ریزبەندی وەزیفی یاخود ڕێکخستن زیاتر لەوەی گرنگی بە بەهاکانی نوێبوونەوە و داهێنان بدرێت

*کۆنترۆڵ کردنی بەهاکانی ترس لە وەرگرتنی بەرپرسیاریەتی.

*دوو دڵی کردن لە قبوڵ کردنی مەترسیەکان.ئەمەیش مەترسی پارێزگاری کردن لە دۆخی ئێستای لێ دروست دەبێت.

*

*بە مەرکەزیبوونی بڕیارەکان و رەتکردنەوەی تەفویز کردن، بە هۆکاری زێدەرەوی کردن لە بەرپرسیاریەتیەکان. ئەمەیش رێگری لە سەر هەڵدانی سەرکردەی تازە دەکات.

# پێنجەم: جەخت کردن لەسەر کەلتووری رێکخستن



-بە شێوەیەکی گشتی دامەزراوەکانی حکومەت بە دەست چەند ئالیەتێکەوە دەناڵێنێن کە گرنکترینیان ئەمانەی خوارەوەیە:

أ-دواخستنی پەیرەوکردنی باشترین مومارەسە و رێگاکان.

ب-دواخستنی گەران بە دوای رێکخراوە هاوشێوەکان بۆئەوەی بکرێتە نمونەی کارکردنیان.

ت-کارکردن بۆ کەم کردنەوەی تێچووی راهێنەران لەسەر شیواز ورێگە نوێیەکان، کە ئەمەیش دەبێتە هۆی لاوازی بەرەنگاربوونەوەی مەترسیەکان لە لایەن دامەزراوە ئیداریەکانەوە.

ث-جەخت نەكردنەوە ولاوازى تەركيز كردن لەسەر چالاكيەكانى توێژينەوە وپەرەپێدان.



ج-نەبوونى روحى دەستپێشخەرى لە رێكخراوە حكوميەكاندا ودروستبوونى تێراونێكى نەرێنى بەرانبەر بە نوێبوونەوە.

ح-بوونى هەندێك سنورى ژينگەيي وكەلتوورى كە دەبێتە هۆى قبوڵ نەكردنى بەها وبۆچوونى نوى.

# شەشەم: جەخت کردن لەسەر بنەما گشتەیەکان

أ- **بنەمای شەرعیە (ڕەوایەتی):** بریتیە لە دوورکەوتنەوە لەو ڕەفتارانەی کە جێگای گومانن، و گەڕانەوە بۆ بنەما یاساییەکان لە کاتی دروستبوونی گومان بەرانبەر هەر کارێك کە قەبوڵی دوو جۆرە چارەسەر دەکات، کە ئەمەیش کاریگەری خراپی دەبێت بۆ سەر شەرعیەتی یاسایی لە چوارچێوەی دامەزراوەیی کاری ئیداری-خۆجێی.

ب- **بنەمای متمانە:** بریتیە لە بنەمای خستنەرووی سەرجەم وردەکارییەکان بۆ کرێکارەکان و متمانە کردن پێیان، پاشان قەبوڵ کردنی ئەو بەرپرسیاریەتی داراییەی کە بریتیە لە نەگوازستنەوەی زانیارییەکان کە بەدەستی دەهێنن بۆ لایەنی دیکە.

**خ - بنەمای ئالوگۆڕکردن (تبادل):** ئامادەیی دەربڕین بۆ ئالوگرکردنی زانیاریەکان لە چوارچێوەی ئالیەتی ئیداری یاخود پێداویستی یاسایی.



**د - بنەمای بەکارهێنان:** نابێت ئەو زانیاریانە کە لە ئەنجامی بەراورد کردن بە دەست دەهێنرین لە ڕێکلام و بە بازارکردن بەکاربهێنرین، دەبێت تەنها بە مەبەستی باشتر کردنی پرۆسەکان بەکاربێن.

**ه - بنەمای پەیوەندی کردن:** جۆری پەیوەندی ڕاستەوخۆ لە کارکردن کەمە، جگە لە وانەی کە لە چوارچێوەی ریزبەندی دامەزراوەیەوە ئەنجام دەدرێن، ئەمەیش پرۆسە ئیداریەکان ئاڵۆزتر دەکات، پێچەوانەکەشی ڕاستە لە کاتی کەم کردن و سووکتر کردنی ئاڵۆزیەکان لە پەیوەندی کردندا.

**و - بنەمای پەیوەندیکردن بە لایەنی سێیەم:** ئەم بنەمایە بە یەکێك لە ئالیەتەکانی کاری ئیداری دادەنریت و جۆرە نەرمیەکی باش دەنوێنێت لە سروشتی ئەدادا، بە تایبەت ئەگەر بۆ ئەمانجی زیادکردنی ئالۆگۆڕی کەلتووریی و زانستی بوو.

# سروشتی حوکمی خۆجێی لەسەر چەند فاکتەرێك بنیاتنراوە



یەکەم: پلاندانان وئامادەکاری

دووەم: تەرکیز کردن له سەر خزمەتگوزارییەکان

سێیەم: چاودێری کردنی جێبەجی کردن

چوارەم: پاڵپشتی کردنی سەرکردە ئیدارییەکان

پێنجەم: جەخت کردن لەسەر کەلتووری رێکخستن

شەشەم: جەخت کردن لەسەر بنەما گشتەیەکان

# جۆرەکانی ئیدارە



1- ئیدارە (بەڕێوەبردن) بە پێی ئامانجەکان

2- ئیدارە (بەڕێوەبردن) بە پێی تەفویز (تفویض)

3- ئیدارە (بەڕێوەبردن) بە پێی بەشداری کردن

# جۆرەكانی ئیدارە



-ئیدارەی خۆجێی چەند ئەركێكی بنەرەتی هەیە بەم شێوەی خوارەوە:

یەكەم: ئەركی پەرەپێدان

-بەرپرسیارە لە جێبەجێ كردنی پەرەپێدانی ئابوری وكۆمەلایەتی لە رێگەی بەرێوەبردنی پرۆسەی پەرەپێدانی خۆجێی و دەكرێ دابەشی سەر ئەم 2 جۆرە بكرێت:

1-ئەو ئەركانەی كە پەیوەندیدارن بە دانیشتوان بە شێوەیەكی راستەوخۆ.

2- ئەو ئەركانەی كە پەیوەندیدارن بە پەرەپێدان و پلانی داهاتوو.

## دووەم: ئەرکی سیاسی

-جێبەجێ کردنی بنەماکانی دیموکراسی سیاسی لە سەر ئاستی خۆجێی(محلی) لە رێگەی دابین کردنی نوێنەرایەتیەکی دادپەروەرانە بۆ تاکەکانی کۆمەڵگا لە دامەزراوە سیاسییەکاندا.

- هاندانی دانیشتوانی خۆجێی (محلی) بۆ بەشداریکردنێکی کارا و چاڵاك لە ئەدا و جێبەجێ کردنی رۆڵی سیاسیان.

- راهێنانی سەرکردە سیاسییەکان لە سەر ئاستی کۆمەڵگادا.

## سێیەم: ئەرکی چاودێری



-بوونی چاودێری ئیداری، گەرەنتی پابەندبوونی ئەنجومەنە خۆجێیە هەڵبژێردراوەکان دەکات بە سیاسەتی گشتی دەوڵەت. هەروەها گەرەنتی یەکگرتویی سیاسی و یاسایی وئیداری وڵاتەکە دەکات.

- هەروەها گەرەنتی ئاراستەنەکردنی رەخنە دەکات لە لایەن ئەم ئەنجومەنانەوە بۆ سیستەمی ئیداری لامەرکەزی، چونکە ئەم ئەنجومەنانە لە رووی ئەزموون و کاراماییەوە لاوازترن لە حکومەتی مەرکەزی.

- تەنانەت بوونی چاودێری ئیداری، خودی تاکەکان لە زۆرەملێ و زۆڵم و زۆرداریيەکانی ئەم ئەنجومەنانە دەپارێزێت.

# 1- ئیدارە (بەڕێوەبرٍدن) بە پێی ئامانجەکان



- ئیدارە بە پێی ئامانجەکان بە شێوەیەکی گشتی چەندین پێناسەی بۆ کراوە بەڵام لە لایەن زانای ئەمریکی پیتەر دەرکەر (Peter Ferdinand Drucker) کە زانایەکی گرنگی ئابورییە بە تایبەت لە بواری پێناسە کردنی ئیدارە، بەم شێوەیە پیناسەی ئیدارە بە پێی ئامانجەکان دەکات: (ئیدارە بە پێی ئەمانجەکان شێوازێکی کاری بە گروپە و تەعبیر لە روحی تیم دەکات، هەروەها بەشداریەکی چالاکانە و ئەرێنیە لە نێوان سەرۆك و ژێردەستەکەی).

- پێناسەیەکی دیکەیشمان هەیە بەم شێوەیەیە

(ئیدارە بە پێی ئەمانجەکان بریتیە لە ستراتیژیەتێك بۆ پلاندادن وبەدەستهێنانی ئەنجامەکان بەو شێوەیەی کە ئامانجە ئیداریەکان بەرامبەر بە پێداویستیەکانی تاك جێبەجی دەکات).

# تایبەتمەندییە بنەرەتیەکانی ئیدارە (بەڕێوەبرِدن) بە پێی ئامانجەکان



1-دیاری کردنی ئامانجەکان، بۆ ئەوەی ببێتە سەرەتای دەسپێکی ئیداری بۆ سەرۆك و ژێردەست، چونکە وەزیفەی سەرۆك تەنها سنوردار نییە بە پۆستی بەڕێوەبەر، بەڵکو ئاراستەکردنی کرێکارەکانیش دەگرێتەوە.

2- بەشداری راستەقینە لە لایەن سەرۆك وژێردەستە لە دیاری کردنی ئامانج و پلان وبەرنامەکان، هەروەها دیاری کردنی زانیاری و داتاکان لەگەڵ ئەنجامدانی چاکسازی پێویست بۆ رووبەرووبونەوەی بەربەستە ئیداریەکان.

3-پەیوەندی کردنی ئاسۆیی وستوونی، کە ئامانجی ئەم جۆرە پەیوەندیانەیش بەستنی ئامانجە به بودجەکانی داهاتوو.

# تایبەتمەندییە بنەرەتیەکانی ئیدارە (بەڕێوەبردن) بە پێی ئامانجەکان



4- ڕێکخستن وسنوردانان بۆ پێکهاتەی ڕێکخراوەیی ودابەشکردنی بەرپرسیاریەتیەکان وجێبەجێ کردنی دادپەروەری ئیداری بۆ پاڵنان بە ڕەوتی دەستکەوتەکان بە ئاراستەیەکی دروست.

5-بەستنی پلە بەرزکردنەوە و پاداشتەکان بە ئەنجامەکانی کار، ئەمەیش دەبێتە هاندەر بۆ جێبەجێ کردنی ئامانجەکان وبە دەست هێنانی دەرەنجامە پلان بۆ دارێژراوەکان.

# پێکهاتە کارگێڕییە پێویستەکان بۆ ئیدارە بە پێی ئامانجەکان



- ئامادەکاریی سەرەتایی بۆ جێبەجێ کردنی کرداریی ئامانجەکان.
- بەرزکردنی ئاستی دەزگای ئیداری لە رووی زانستی وکرداریی.
- لابردنی هەڵوێست و زاراوە وفاکتەر و بارودۆخی ژینگەیی ناوخۆیی و دەرەکی لەگەڵ سیستەمی ئیدارە بە پێی ئامانجەکان.
- گرتنبەری رێوشوێنی سەرەتایی بۆ زیاد کردنی بەرپرسیاریەتی ئیداری لە لای کرێکاران و پەرەپێدان بە هەستەکان و زیاتر رازی کردن لە بارەی گرنگی ئیدارە بە پێی ئامانجەکان.

# پێکهاتە کارگێڕییە پێویستەکان بۆ ئیدارە بە پێی ئامانجەکان



- دیزانین کردن و تەرکیز کردن لە سەر ئەنجامدانی گۆرانکاری، کە بە پێی ئەم خاڵانەی خوارەوە ئەنجام دەدرێت:

**1-سیستەمی پلاندانان و چاودێری.**

**2- چەسپاندنی روحی کار کردن بە تیم.**

**3- بلاوکردنەوە و چەسپاندنی بیرۆکەی دیموکراسی و بەشداریکردن لە ئیدارە.**

**4- تەفویزی راستەقینە بۆ دەسەڵاتەکان**

- دیزانین کردن و تەرکیز کردن لە سەر ئەنجامدانی گۆرانکاری، کە بە پێی ئەم خاڵانەی خوارەوە ئەنجام دەدرێت:



5-دابین کردنی کەش وهەوایەکی رێکخستنی گونجاو

6- فراوان کردنی نەرمی رێکخستن-ئیدارە

7-کۆتاپی هێنان بە بیرۆکەی رووبەرووبونەوەی گۆرانکاری لە رێگەی رازی کردن و قەناعەت پێ هێنان.

# پێکهاتە کارگێڕییە پێویستەکان بۆ ئیدارە بە پێی ئامانجەکان





- دیار کردنی هەنگاوەکانی گۆرانکاری وجێبەجێ کردن جا ئەگەر بەشێوەی چەند قۆناغێك بێت یاخود تەنها یەك قۆناغی بێت.
- تەرکیز کردن لەسەر لایەنە مرۆییەکان لە کاتی پلان دارشتن بۆ ئیدارە بە پێی ئامانجەکان.
- تەرکیز کردن و جەخت کردنەوە لەسەر ئامانجە جۆریی و چەندیەتیەکان.
- ئامادە کردنی کەش وهەوای گونجاو بۆ کار کردن بە پێی ئەو ئالیەتانەی کە لەسەری ڕێکەوتن کراوە.

# پێکهاتە کارگێڕییە پێویستەکان بۆ ئیدارە بە پێی ئامانجەکان



- دیاری کردنی ئەو لایەنانە کە بە ئەرکی ئیدارە بە پێی ئامانجەکان هەڵدەستن جا بۆ ئیدارەی باڵا یان خواروو یاخود مامناوەند بێت.

# ئامرازەکانی جێبەجێ کردنی ئیدارە بە پێی ئامانجەکان



1- پەرەپێدان: ئامرازی باشترکردنی توانا وکاراماییی کرێکارانە.

2-بەشداری کردن: بریتیە لە بەشداری کردنی دامەزراوەی ئیداری بە هەموو پێکهاتەکانیەوە بۆ کاری دامەزراوەیی کە پێشەنگی کارلێك کردن و گرتنە ئەستۆی بەرپرسیاریەتیە (لە کۆتاییدا باشترکردنی ئەدای لێدەکەوێتەوە)

3-دەرهاویشتەکان (دەرئەنجامەکان): بریتیە لە ئەنجامەکانی پرۆسە ئیدارییەکان و سەرجەم تێچووە ماددەی و مەعنەوییەکان.

4- توخمە چالاکەکان: مەبەست لێ لایەنی مرۆییە کە بە ئامرازێکی گرنگ دادەنریت، تەرکیزی لەسەر دەکرێت و هاندەدرێت و رادەهێندریت، چونکە لە کۆتاییدا بە سەرمایەی دامەزراوەکە دادەنرێت.

# قۆناغە بنەرەتیەکانی ئیدارە بە پێی ئامانجەکان

ئیدارە بە پێی ئامانجەکان سێ قۆناغی بنەرەتی هەیە بە مەبەستی جێبەجێ کردنی ئالیەتی کاری دامەزراوەیی:

یەکەم/ قۆناغی پێشکەش کردن:

- قۆناغێکی بنەرەتیە بۆ کاری ئیداری و تەرکیز لەسەر تێگەیشتنی سەرەتایی دەکات بۆ جۆری کارەکە.
- لەم قۆناغەدا کار لەسەر پلاندانان و دارشتنی بریارە ئیداریەکان دەکرێت بۆ ئەو کارەی کە هەوڵ دەدرێت جێبەجێ بکرێت، هەروەها رێوشوێنە پێویستەکان دەگیرێنەبەر بۆ گواستنەوەی بۆ سەر ئەرزی واقع.
- زۆر گرنگە ئیدارە باڵاکە و کرێکارەکان بە باشی لەم قۆناغە تێبگەن بۆ ئەوەی قۆناغەکە رووبەرووی بەرهەڵستی گۆرانکارییەکان نەبێتەوە.
- بە کورتی قۆناغی پێشکەش کردن بریتیە لە قۆناغی دانانی ئامانجەکان و هەنگاوەکانی جێبەجێ کردن.

# قۆناغە بنەرەتیەکانی ئیدارە بە پێی ئامانجەکان



ئیدارە بە پێی ئامانجەکان سێ قۆناغی بنەرەتی هەیە بە مەبەستی جێبەجێ کردنی ئالیەتی کاری دامەزراوەیی:

دووەم/ قۆناغی گەشەکردن و هەمووارکردن:

- بریتیە لە قۆناغی جێبەجێ کردنی بابەتی قۆناغی یەکەم (پێشکەش کردن)، کە لەسەر پابەندبوون و ویستی و ئارەزووی کرێکارەکانە بونیاتنراوە. ئەمەیش هەنگاوێکی باشە لە لایەن دەزگای ئیداریەوە.

سێیەم/ قۆناغی پێگەیشتن: بریتیە لە قۆناغی ئاسنکاری و سەقامگیری دوای ئەوەی ئامانجە دارێژراوەکان دەکەوێتە واری جێبەجی کردن و ئەنجامی ئەرێنی بەدەر دەکەوێت، پاشان ئالیەت و ئیدارە بە پێی ئامانجەکان دەبێتە شێواز و رووتینێکی رۆژانە بۆ کاری ئیداری.

## قۆناغی یەکەم

| | |
|---|---|
| قۆناغی پێشکەش کردن | قۆناغێکی بنەرەتیە بۆ دیاری کردنی بنەماکان بۆ کاری ئیداری |

## قۆناغی دووەم

| | |
|---|---|
| قۆناغی گەشەکردن و هەموارکردن | بەقۆناغی جێبەجێ کردنی قۆناغی پێشکەشکردنی سەرەتایی دادەنرێت |

## قۆناغی سێیەم

| | |
|---|---|
| قۆناغی پێگەیشتن | قۆناغی ئاسنکاری و سەقامگیری دوای ئەوەی ئامانجە دارێژراوەکان دەکەوێتە واری جێبەجێ کردن |

## ئیداره بە پێی تەفویز کردن (الإدارة بالتفويض) – ڕێگەپێدان-

مەبەست لە ئیدارە بە پێی تەفویز گواستنەوەی ئیدارە لە ئاستێکی بەرز بۆ ئاستێکی نزمتر، بەم شێوەیە ئیدارە بە پێی تەفویز، جۆرێکە لە تەفویز کردنی (ڕاسپاردنی) کرێکارەکان بۆ ئەوەی ئەو ئەرکانە بە جێ بگەێنن کە پێیان ڕاسپێردراوە.

- هەروەها دەتوانین بڵێن کەوا ئیدارە بە پێی تەفویز بریتیە لە پرۆسەی گواستنەوەی دەسەڵات لە بەرپرسەکان بۆ ئەو کەسانە کە ڕاسپێردراون بۆ ئەنجامدانی کارێکی دیاری کراو. (تفويض جزئي و ليس كلي)

# هەنگاوەکانی ئیدارە بە پێی تەفویز کردن (الإدارة بالتفويض)



-دیاری کردنی سەرۆك و بەرپرسەکان و دواتر دیاری کردنی دەسەڵاتی بەڕێوەبەران و کرێکارەکان بە پێی پلان و بەرنامە دارێژراوەکان.

-پێدانی دەسەڵاتی پێویست بە سەرۆك و تیمی کارکردن بە بەرپرسەکانەوە، لەو بوارانە کە ئەرکیان پێ سپێردراوە. (ژێردەستەکان)

-دیاری کردنی پلەبەندی بەرپرسیاریەتی لە لایەن ئەوانەی ئەرکیان پێ سپێردراوە بەرانبەر بە بەرپرسانی باڵا وسەرووی خۆیانەوە.

## فاكتەرە سەرەكیە یارمیدەرەكانی ئیدارە بە پێی تەفویز كردن (الإدارة بالتفویض):



1-فاكتەری تەفویز كردن بە پێی ئەنجامە چاوەروان كراوەكان، بە پێی ئەم فاكتەرە كرێكارەكان و ستافی كاركردن بەرپرسن لە جێبەجێ كردنی ئامانجەكان لە بەرزترین ئاستدا بەرانبەر سەرۆك و بەرپرسە ئیدارەیەكان، بە پێچەوانەوە ئەگەر دەرەنجامێكی كاریگەر بە دەست نەهات لە چوارچێوەی ئامانجە دارێژراوەكاندا، ئەوە لێپرسینەوەیان لەگەڵدا دەكرێت.

2-فاكتەری دیاری كردنی ئەرك، ئەمەیش فاكتەرێكی جددیە بۆ دیاری كردن و دابەشكردنی ئەركەكان بەسەر كرێكاران و ستافی كار بە پێی پسپۆری وەزیفی و ئیداری.

## فاکتەرە سەرەکیە یارمیدەدەرەکانی ئیدارە بە پێی تەفویز کردن (الإدارة بالتفويض):





## 3-فاکتەری پلەبەندی بەرپرسیاریەتی و ئەرك ودەسەڵاتەکان.

4-فاکتەری ئاستی دەسەڵات، ئەمەیش بە واتای ئەوە دێ کە سەرۆك و ئەوانەی ئەرکیان پێ سپێردراوە (کرێکار و ستافی کار) لە چوارچێوەی سنوری ئەو ئەرك و دەسەڵاتانەدا رەفتار دەکەن کە بۆیان دیاری دراوە.

## فاكتەرە سەرەكیە یارمیدەدەرەكانی ئیدارە بە پێی تەفویز كردن (الإدارة بالتفويض):



-5 فاكتەری یەكانگیری فەرمانەكان، ئەمەیش بەواتای ئەوە دێت كە ئەو لایەنە دیاری دەكرێت كە فەرمانبەری ئیداری فەرمانەكانی لێ وەردەگرێت، بۆ ئەوەی ئاراستەی ئیداری لە یەك بوار و ئاراستەدا چڕ بكرێتەوە.

-6فاكتەری یەكسانی دەسەڵات و بەرپرسیاریەتی، ئەمەیش بە واتای گونجانی ئەو دەسەڵاتانەیە كە دراون لەگەڵ ئەو بەرپرسیاریەتیانە كە خراونەتە ئەستۆی كرێكاران(ستافی كار) بۆ جێبەجێ كردنی ئالیەتی كاری خوازراو.

## ئاستەکانی ئیدارە بە پێی تەفویز کردن (الإدارة بالتفويض):

پرۆسەی تەفویز کردنی فەرمانبەر بە بەرپرسیاریەتی و دەسەڵاتەکان کە لە رێگەیەوە دەتوانێ بە ئەرکەکانی خۆی هەڵسێت، لەسەر چەند ئاستێکدا بنیاتنراوە:

**ئاستی یەکەم:** بریتیە لە تەفوزێکی راستەقینەی فەرمانبەر، لەسەر بنەمای ئەوەی کە پێویستە لەسەری چی بکات و بە چ ئەرکێك هەڵسێت، لەگەڵ بەخشینی هەندێك نەرمی ئیداری و ئازادی بۆ ئەوەی بتوانرێ بە یەکەوە لەگەڵ کرێکارەکان لە چوارچێوە ئیداریەکە کار بکەن.

## ئاستەکانی ئیدارە بە پێی تەفویز کردن (الإدارة بالتفویض):



ئاستی دووەم: پێدانی ئازادیەکی فراوان بەو فەرمانبەرەی کە جێگای متمانەی ئیدارەیە بۆ ئەوەی لە کاتی کارکردن بە پێی پێداویستیە ئیداریەکانی کارکردن رەفتار بکات.

ئاستی سێیەم: ئەو تفویزەیە کە دەردێتە فەرمانبەر لەگەڵ تەنها ئەو ئازادیەی کە پێویستە بۆ بەدیهێنانی ئامانجەکان بۆ ئەوەی بگەنە ئەنجامە خوازراوەکان.

**ئاستی یەکەم:**

بریتیە لە تەفویزی ڕاستەقینە بۆ فەرمانبەر

**ئاستی دووەم:**

پێدانی ئازادەیەکی فراوان بە فەرمانبەر

**ئاستی سێیەم:** پێدانی تەفویز بە فەرمانبەر بۆ جێبەجێ کردنی ئەرکەکان + ئازادی

# تایبەتمەندییەکانی ئیدارە بە پێی تەفویز کردن (الإدارة بالتفويض):





1.ئامرازێکی گرنگە بۆ راهێنان و پەرەپێدان.

2.یارمەتیدەرە بۆ پێشکەشکردنی ئەزموون و چۆنیەتی بە جێ گەیاندنی بەرپرسیاریەتیەکان و دەرکردنی بڕیار.

3.یارمەتیدەرە بۆ دیاری کردنی کاتی ئیداری پێویست بۆ جێبەجێ کردنی ئەرکە ئیدارییەکان.

4.دابەشکردن و دیاری کردنی ئەرکەکان و دیاری کردنی کاتی پێویست بۆ بە دەستهێنانی ئەنجامە خوازیارەکان.

## تایبەتمەندییەکانی ئیدارە بە پێی تەفویز کردن (الإدارة بالتفویض):

5. یارمەتیدەرە بۆ باشتر کردنی ئاستی پەیوەندی ئیداری لە سەرەوە بۆ خوارەوە وبە پێچەوانەوە.

6- لایەنە خراپەکانی ئیدارە بە پێی تەفویز،لەوانەیە زێدەرەوی لە خۆ بگرێت لە رووی تەفویز کردنی دەسەڵات و بەرپرسیاریەتیەکان، بەم پێەیش هەندێك كەسی ناشیاو ئەرکیان پێ رادەسپێردرێت کە لە ئاستی بەرپرسیاریەتی ئیداری نین، ئەمەیش دەبێتە هۆی بەجێنەگەیاندنی ئامانجەکان وبەربەست خستنە بەردەم کاری ئیداری بە شێوەیەکی گشتی.

## بەربەستەکانی بەردەم ئیدارە بە پێی تەفویز کردن (الإدارة بالتفويض):

-ترسێك هەیە لەم بابەتە کە بریتیە لەوەی لەکاتی پێدانی تەفویز، ئەم تەفویز کردنە بە مانای وازهێنان لە بەرپرسیاریەتەکان دێت یاخود کەسانێك تەفویز دەکرێن کە شیاوی تەفویز کردن نین.

- هەندێك جاریش کاتێك بەرپرسان کەمتەرخەم دەبن لە رووی هەندێك لە ئەرکە ئیداریەکانیانەوە، متمانە و هەست کردن بە توانا ئیدارییەکانیان لە دەست دەدەن، ئەمەیش یەکێکە لە گرنگترین بەربەرستەکانی بەردەم جێبەجێ کردنی کارەکان.

**بنەماکانی ئیدارە بە پێی تەفویز کردن (الإدارة بالتفويض):**

-بنەمای یەکسانی دەسەڵات لەگەڵ بەرپرسیاریەتی.

-بنەمای ئاست و ڕێژەی تەفویزی فەرمی بەخشراو بە کرێکاران (ستافی کار)،

-بنەمای نەرم و نیانی.

-بنەمای وەڵامدانەوە بۆ گۆرانکارییە ستراتیژیەکان لە ناو کاری دامەزراوەیی.

# هێلکاری بنەماکانی ئیدارە بە پێی تەفویز کردن (الإدارة بالتفويض)



بنەمای یەکسانی دەسەڵات لەگەڵ بەرپرسیاریەتی

↓

بنەمای نەرم و نیانی

بنەمای ئاست و رێژەی تەفویزی فەرمی بەخشراو بە ستافی کار

↓

بنەمای وەڵامدانەوەی گۆرانکارییە ستراتیژیەکان لە ناوکاری دامەزراوەیی

## 3- ئیدارە (بەڕێوەبرِدن) بە پێی بەشداری کردن

-مەبەست لێی هاوبەشییە لە نێوان سەرۆك وژێردەستە (المرووؤس) واتا هەست کردنی کرێکارەکان (ستافی کارکردن) بەوەی کە هاوبەشن لە بەڕێوەبردنی دەزگای ئیداری کە تیایدا کار دەکەن، ئەمەیش خۆی لە خۆیدا هەست کردن بەرپرسیاریەتی (ولاء) وویستی راستەقینە لە جێبەجێ کردنی ئامانجەکان زیاد دەکات.

-هەروەها بە واتای بەشداریکردنی عەقلی وهزری دێت لە کاری بە کۆمەڵ (تیم وۆرك)،ئەمەیش هاندەرەێکی باشە بۆ جێبەجێ کردنی ئامانجە بە کۆمەلەکان.

## 3- ئیداره (بەڕێوەبردن) بە پێی بەشداری کردن



-(پەیوەندییەکی ئاڵوگۆری دوو ئاراستەییە وکۆششێکی هاوبەشە لە نێوان لایەنەکانی پرۆسەی ئیداری، لایەنەکانیش بریتین لە ئیدارەی باڵا کە سەرپەرشتی جێبەجێ کردنی پلان وبەرنامە وکرێکارەکان دەکەن ئەوانەی بە پرۆسەی بەرهەمهێنان وپرۆسە یارمەتیدەرەکان هەڵدەستن).

-(پرۆسەی ڕێکەوتنە لە نێوان ئیدارەی باڵا وستافەکانی دامەزراوە گشتیەکان، کە وا لە ستافەکان دەکات کاریگەریان هەبیت لەسەر بڕیارە ئیدارییەکان کە لەئەنجامیدا سوودی بەرچاویان دەبێت بۆ خۆیان بە تایبەت وبۆ دامەزراوە گشتیەکان بە گشتی)

## 3- ئیدارە (بەڕێوەبڕدن) بە پێی بەشداری کردن

تایبەتمەندییەکانی ئیدارە بە پێی بەشداری کردن:

1-پرۆسەیەکی بەشداری کردنە بە فکر (هزر) لە نێوان بەرپرسی ئیداری وکارمەندەکان.

2-بە فەلسەفەی ئیدارەی هەڵوێست دەربرینەوە تایبەتمەندە، کە وەڵامی پێداویستیە گشتی وئامانجەکان دەداتەوە.

3-تەرکیز لە سەر دیموکراسی پیشەسازی مرۆیي دەوستێت، کە بریتیە لەوەی مرۆڤ لە رێکخستندا هێزێکی بیرکەرەوە و ئاراستەکراو وبەرهەمهێنەرە، بۆیە دەبێت ئیستغلال بکرێت.

## 3- ئیدارە (بەڕێوەبڕدن) بە پێی بەشداری کردن

### تایبەتمەندییەکانی ئیدارە بە پێی بەشداری کردن:

**4- پاراستنی هاوسەنگی لە نێوان بەدشاری کردنی کرێکارەکان وهاوبەشی دام ودەزگاکان لە ئەلیەتی کاری دامەزراوەیی.**

# 3- ئیداره (بەڕێوەبردن) بە پێی بەشداری کردن



## - سودەکانی ئیدارە بە پێی بەشدرای کردن:

1-پرۆسەی بەشداری کردن لە کاری دامەزراوەیی یارمەتیدەر دەبێت بۆ رێزگرتن لە کات لە لایەن کارمەندانەوە، ئەمەیش بەش بەحاڵی خۆی ویست و ئارەزووی راستەقینە دروست دەکات لە جێبەجێ کردنی ئەو ئامانجانە کە لەسەر بنەمای ئەنجامەکان و دیاری کردنی ئارستەکانی کارکردن بنیاتنراوە.

2-ئیدارە بە بەشداری کردن یارمەتیدەر دەبیت بۆ دانانی ئەو ئامانجانە کە نزیکن لە واقیع و کارکردن.

3- هەروەها یارمەتیدەرە بۆ ئەوەی رووبەرووی بەربەستەکان ببێت بە روحیەتێکی بەرزەوە لە لایەن کارمەندانەوە، ئەمەیش وا دەکات توانای بەشداری کردن و دەربرینی بیروبۆچونەکان بخریتەڕوو بە مەبەستی پاڵپشتی کردنی پرۆسەی جێبەجێ کردن.

## 3- ئیدارە (بەڕێوەبردن) بە پێی بەشداری کردن



### بنەماکانی ئیدارەی بە پێی بەشداری کردن:

1- بنەمای خۆبەخشی لە کاری ئیداری.

2-بنەمای پەرەپێدانی خودیی بۆ کارمەندان و کرێکاران.

3-بنەمای داهێنان و بەرەوپێشبردن.

4-بنەمای کاری هاوبەشی بە گروپ (کاریی تیم)

# گرنگی مەركەزیەت و لامەركەزیەت لە ئیدارە خۆجێیەكاندا



-ناوەرۆكی مەركەزیەت و لامەركەزیەت

-مەركەزیەت بریتیە لە كۆكردنەوەی دەسەڵاتەكانی دەركردنی بڕیارە ئیدارییەكان لە تاكە كەسێك یاخود چەند كەسانێكدا، هەروەها ئاستی مەركەزیەت چڕتر دەبێتەوە لە كاتێكدا كە ئیدارە (بەڕێوەبردن) لە لایەك یاخود لە ئیدارەیەك یانیش لە كەسێكدا كۆدەبێتەوە، ئەمەیش دەبیتە هۆی ئەوەی رەفتاری ئەوانە سنوردار بكات كە كاردەكەن بە رەفتاری سەرووی خۆیان، بە كورتی مەركەزیەت بە مانای تەركیزی ئیداری دێت.

# گرنگی مەرکەزیەت و لامەرکەزیەت لە ئیدارە خۆجێیەکاندا





-ناوەرۆکی مەرکەزیەت و لامەرکەزیەت

(مەرکەزیەت شێوازێکە لە شێوازەکانی بەرێوەبردنی دەوڵەت، بە واتای چرکردنەوەی دەسەڵاتە لە سەنتەرکە تێیدا گشت دەسەڵاتەکان کۆدەکرێنەوە لە دەسەڵاتی سەنتەر).

-حکومەتی مەرکەزیش لە سایەی ئەو سیستەمەدا سەرجەم ئەرکە کارگێرییەکان جێبەجێدەکات لە رێگەی دامەزراوەکانی خۆیەوە بە پێی هەرەمێکی دیاریکراو کە پێك هاتووە لە (سەرۆکی دەوڵەت – سەرۆك وەزیران – وەزیرەکان – نوێنەرەکانیان)

# گرنگی مەرکەزیەت و لامەرکەزیەت لە ئیدارە خۆجێیەکاندا



-ناوەرۆکی مەرکەزیەت و لامەرکەزیەت

-لە وولاتە مەرکەزیەکاندا فەرمانەکانی دەسەڵاتی سەنتەر دەبێ بەدروستی جێبەجێبکرێن کە دەسەڵاتی سەنتەر مافی چاودێری ورەتکردنەوە و پێداچوونەوە و سزادانیشی هەیە.

-پەیەرەوکردنی مەرکەزیەت لەو سیستەمانەی چوارچێوەیەکی دیموکراسیان هەیە سنورێك بۆ کاری دیموکراسی هەیە وجۆرێك لە ئازادی کارکردن بەخشراوەتە فەرمانرەوا لۆکالییەکان.

-بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا نابنە خاوەنی دەسەڵاتێك کە کەسایەتی مەعنەوی سەربەخۆی هەبێت.

# گرنگی مەرکەزیەت و لامەرکەزیەت لە ئیدارە خۆجێیەکاندا





-ناوەرۆکی مەرکەزیەت و لامەرکەزیەت

-بە شێوەیەکی گشتی سیستەمی مەرکەزی بەسێ خەسڵەتی سەرەکی دەناسرێتەوە:

1-چرکردنەوە وکۆکردنەوەی ئەرکە کارگێرییەکان لە دەسەڵاتی مەرکەزیدا. مەبەست لەوەش ئەوەیە کە هەموو قۆناغەکانی دروست بڕیار وە لە گشت بوارەکانیشدا بە شێوەیەکی رەها لە دەستی دەسەڵاتی مەرکەزەوە دەبێت بە تایبەت بە پێی ڕێزبەندی (سەرۆك-سەرۆك وەزیران-وەزیرەکان-فەرمانبەران).

# گرنگی مەرکەزیەت و لامەرکەزیەت لە ئیداره خۆجێیەکاندا



-ناوەرۆکی مەرکەزیەت و لامەرکەزیەت

-بەڵام لێرەدا پشت دەبەسترێتە دوو پرەنسیپی سەرەکی:

یەکەمیان: تەفوزيی پسپۆری (رێگەپێدانی پسپۆریەکان) کە خاوەنی پسپۆریەکە کەسێك رادەسپێرێت بۆ کارێکی تایبەت.

دووەمیان: تەفویزی واژووکردن (رێگەپێدانی واژوو کردن) کە سەرۆك یان وەزیر کەسێك رادەسپێرێت لە بری ئەو واژوو لەسەر جۆرێکی تایبەت لە کاروبار بکات

# گرنگی مەرکەزیەت و لامەرکەزیەت لە ئیدارە خۆجێیەکاندا



-ناوەرۆکی مەرکەزیەت و لامەرکەزیەت

-بە شێوەیەکی گشتی سیستەمی مەرکەزی بەسێ خەسڵەتی سەرەکی دەناسرێتەوە:

2-دەسەڵاتی سەرۆکایەتی وا پێناسە دەکرێت کە هێزی جولێنەری پەیژەی ئیداری بێت.

3- پابەندبوونی هەرەمی (الخضوع للسلم الاداری) واتە پەیژەیی کە هەر لایەنێك پابەندی سەرووی خۆی دەبێت.

# گرنگی مەرکەزیەت و لامەرکەزیەت لە ئیدارە خۆجێیەکاندا



-ناوەرۆکی مەرکەزیەت و لامەرکەزیەت

سەرەرای ئەو خەسڵەتانەی سەرەوە مەرکەزیەت هەمیشە بەیەك شێواز وبەیەك ئاست

دەرناکەوێت، بە پێی جۆری دەوڵەتەکە مەرکەزیەت لە شێوەی جیاوازدا دەردەکەویت.

-کەواتە مەرکەزیەتیش سیاسی یان کارگێری دەبێت.

- مەرکەزیەتی ئیداریش دوو شێوازی ئیداری هەیە (الترکیز الاداری – عدم الترکیز)

# گرنگی مەرکەزیەت و لامەرکەزیەت لە ئیدارە خۆجێیەکاندا



-ناوەرۆکی مەرکەزیەت و لامەرکەزیەت

- التركيز الاداری وەك شێوازێکی مەرکەزیەتی ئیداری هەندێك تایبەتمەندی هەیە لەوانە:

1.بەوە دەناسرێتەوە کەوا دەسەڵاتی سەنتەر بەهێز دەکات وبلاوکردنەوەی سنوری دەسەڵاتی حکومەتی سەنتەر ئاسان دەکات.

2.مەرکەزیەتی ئیداری دەبێتە هۆی کەم بوونەووەی نەفەقاتی گشتی بۆ کەمترین ئاست.

# گرنگی مەرکەزیەت و لامەرکەزیەت لە ئیدارە خۆجێیەکاندا





-ناوەرۆکی مەرکەزیەت و لامەرکەزیەت

گرنکترین کەم وکوریەکانی الترکیز الاداری دەکریێ بەم شێوەیە بخرێنەڕوو:

1.ئەو شێوازە بەوە دەناسریتەوە کە سروشتێکی نادیموکراسی هەیە، کە پسپۆریەتی ئیداری هەمووی لە دەستی چەند وەزیرێك وبەرپرسێك کۆدەکریتەوە.

2.زێدەرۆیی کردن لە مەرکەزیەت دەبێتە هۆی پەککستنی کاروبارە ئیدراییەکان وزۆرترین رۆتین.

3.مەرکەزیەتێکی توند دەبێتە هۆی پشتگویێ خستنی پێداویستیە لۆکالیەکان.

# گرنگی مەرکەزیەت و لامەرکەزیەت لە ئیدارە خۆجێیەکاندا



تەرکیز نەکردن (عدم الترکیز) لە بیرۆکەدا لێکچونێکی هەیە لە گەڵ لامەرکەزیەتی ئیداری کە هەردووکیان لەسەر بیرۆکەی دابەش کردنی پسپۆریەکانە بەڵام هەر یەکە لە (عدم الترکیز) و لامەرکەزیەتی ئیداری دەسەڵاتی سیاسی و پراکتیکی تایبەتی خۆیان هەیە کە جیاوازن لە یەکتر. بە شێوەیەك ئەوەی یەکەمیان گرنگیەکی دیموکراسی نیە وەك ئەوەی دووەم.

# گرنگی مەركەزیەت و لامەركەزیەت لە ئیدارە خۆجێیەكاندا



## -لامەركەزیەت

- لامەركەزیەت بە مانای دابەشبوونی دەسەڵاتی دەركردنی بریار دێت لە نێوان زیاتر لە كەسێك یان لایەنێك یاخود زیاتر لە ئیدارەیەك، ومەبەست لە دەسەڵاتەكانی دەركردنی بریار بە جێ گەیاندنی بەرپرسیاریەتی دەسەڵاتە فەرمیە سەرەكیەكانی ئیدارەیە كە لە پلاندانان و رێكخستن و ئاراستە كردن و جێبەجێ كردن و چاودێری دێت. لامەركەزیەت بە واتای بلاوەپێكردنی ئیداریە.

# گرنگی مەرکەزیەت و لامەرکەزیەت لە ئیدارە خۆجێیەکاندا



## پێناسەکەکانی لامەرکەزیەت

*(ئاستی چڕنەکردنی (تەرکیز نەکردنی -کۆنەکردنی) دەسەڵات، واتا بلاوەپێکردن ودابەش کردنی لە نێوان تاکەکان وئاستە ئیدارییە جیاوازەکاندا لە رێکخراوێك یاخود لە سەر ئاستی دەوڵەتدا).

*(گواستنەوەی دەسەڵات، جا یاسادانان یاخود دادوەری یانیش جێبەجێ کردن بێت، لە ئاستە حکومیە مەرکەزیەکانەوە بۆ ئاستەکانی خوارتر)

# گرنگی مەرکەزیەت و لامەرکەزیەت لە ئیدارە خۆجێیەکاندا



## پێناسەکەکانی لامەرکەزیەت

*(گواستنەوەی بەشێك لە دەسەڵات وبەرپرسیاریەتیەکان و ئەرکەکانە لە ئاستێکی نەتەوەیي یان حکومی مەرکەزی بۆ رێکخراوە حکومیە پاشکۆیەکان یان نیمچە سەربەخۆکان).

*(لامەرکەزیەت بریتیە لە تەرکیزنەکردنی دەسەڵات، واتا بلاوەپێکردنی دەسەڵات ودابەش کردنی لە نێوان کەسەکان وئاستە ئیدارییە جیاوازەکاندا لە سەر ئاستی دەوڵەتدا).

# گرنگی مەرکەزیەت و لامەرکەزیەت لە ئیدارە خۆجێیەکاندا





## -لامەرکەزیەت

- لە وڵاتانی وەکو پۆلەندا، ئەفریقیایی باشوور، ئۆغەندە، فینلاند وئوستراليا، هەندێك دەسەڵات وبەرپرسیاریەتی وپسپۆری بۆ یەکە خۆجێیەکان لە مەرکەزەوە گوارزانونەتەوە بۆ ئاستەکانی خوارتر. ئەم وڵاتانە لە سایەی ئەم هەنگاوە توانیان چەندین چاکسازی ئەنجام بدەن کە بووە هۆی بەرزکردنی ئاستی تواناکانی ئەنجومە خۆجێیەکان کە وایانی لێ کرد زیاتر شەفاف بن و تیایاندا لێپرسینەوە بکرێت و وەڵامی ئارەزوو و پێداویستی گۆمەڵە بدەنەوە.

# گرنگی مەرکەزیەت و لامەرکەزیەت لە ئیدارە خۆجێیەکاندا



-لامەرکەزیەت ئامرازێکە بۆ بەجێ گەیاندنی گەشەپێدانی مرۆیی وگەیشتن بە ئاستی خزمەتگوزاریە کۆمەلایەتی وئابوریيەکان لە ناوچە دیاری کراوەکاندا، ئەمەیش بە هۆی ئەوەی هەر هەرێمێك زیاتر شارەزایی هەیە دەربارەی بارودۆخەکەی خۆی.

# گرنگی مەرکەزیەت و لامەرکەزیەت لە ئیدارە خۆجێیەکاندا





-گرنگی دابەشکردنی دەسەڵاتەکان لە شێوازی لامەرکەزیەت پەیوەندی بە جۆری دەسەڵاتی ڕێگەپێدراو (تەفویزکراو) نییە بەڵکو پەیوەندی بە بری ئەو دەسەڵاتەیە کە تەفویز دەکرێت (ڕێگەپێدەدرێت)، بەم شێوەیە بە پێی بری دەسەڵات لامەرکەزیەت دیاری دەکرێت:

1-ژمارەی ئەو بڕیارانەی کە لە لایەن بەرپرسانەوە لە ئاستە نزمەکاندا دەدرێت وئاستی دووبارەبوونیان، واتا چەند ژمارەی ئەم بڕیارانە زیاد بوو ئەوە ئاستی لامەرکەزیەت زیاتر دەبێت.

# گرنگی مەرکەزیەت و لامەرکەزیەت لە ئیدارە خۆجێیەکاندا



2-گرنگی بریارەکان، هەر چەندە ئەو بریارانە کە لە ئاستی نزمدا دەردەکرێت گرنگ بوون، ئەو کات دەکرێت بڵێن کە سیستەم بەرەو لا مەرکەزیەت ئاراستە کراوە.

3-هەمەجۆری ئەرکەکان، هەر چەندە ئەرکەکان یاخود ئەو پرۆسانەی کە بەو بریارانە کاریگەریان لەسەر دەبێت کە لە لایەن ئاستە نزمەکانەوە دەردەکرین هەمەجۆر بن، ئەوە بە واتای ئەوە دێت کە سیستەمەکە نزیکە لە لامەرکەزیەت.

4-ئاستی چاودێری ئاستە بەرزەکان بەسەر ئەو بریارانە کە لە لایەن ئاستە نزمەکانەوە دەردەکرێن، ئەم چاودێریە چەند کەم بێت ئەوە سیستەمەکە زیاتر نزیك دەبێت لە لامەرکەزیەت.

# گرنگی مەرکەزیەت و لامەرکەزیەت لە ئیدارە خۆجێیەکاندا





-زۆر گرنگە هاوسەنگی لە نێوان مەرکەزیەت و لامەرکەزیەتدا هەبێت.

- هەر یەکەیان بەهای تایبەتی خۆی هەیە.

- بەهای لامەرکەزیەت خۆی لە بەشداری کردن (المشارکة)، لێپرسینەوە (المساءلة)، وەڵامدانەوە (الاستجابة).

- بەهای مەرکەزیەت زیاتر چڕ دەبێتەوە لە بەهاکانی توانا (الكفاءة)، پیشەیی (المهنية)، بەکارهێنانی تەکنەلۆژیای پێشکەوتوو.

# گرنگی مەرکەزیەت و لامەرکەزیەت لە ئیدارە خۆجێیەکاندا



- بۆیە ئالنگاريي سەرەکی بەردەم حکومەتەکان راگرتنی هاوسەنگییە لە نێوان مەرکەزیەت و لامەرکەزیەتدا. بە شێوەیەك بتوانرێ پێداویستی و ئامانجەکانی هەر یەك لە حکومەتی مەرکەزی وخۆجێی بە جێ بگەێنێت وبپێکێت.

# تایبەتمەندییەکانی لامەرکەزیەت



## یەکەم: تایبەتمەندییە سیاسییەکانی لامەرکەزیەت

1-رێگری لە تاکرەوی وقۆرغکردنی دەسەڵات دەکات، چونکە بەرپرسیاریەتی ودەسەڵاتەکان تیایدا دابەشی سەر زیاتر لە ئاستێکدا دەکرێت.

2-هاندانی تواناکانی حکومەتە خۆجێیەکان بۆ وەڵامدانەوەی داواکارییە خۆجێیەکان.

3-یارمەتیدەرە بۆ پتوکردنی یەکریزی نیشتیمانی لەو وڵاتانە کە پێکهاتوون لە نەتەوە یاخود ئایینی جیاواز، واتا فرە نەتەوە وفرە ئایینن.

# تایبەتمەندییەکانی لامەرکەزیەت



## یەکەم: تایبەتمەندییە سیاسییەکانی لامەرکەزیەت

5-بەرزبوونی ئاستی بەشداری سیاسی لە نێو گۆمەلگەدا، کە ئەمەیش بەش بە حاڵی خۆی دەبێتە هۆی چەسپاندنی بنەما دیموکراسیەکان وئەمەیش لە کۆتاییدا دەبێتە هۆی سەقامگیری سیاسی. بەشداری کردنی تاکەکانی کۆمەڵگە لە تاوتوێی کردنی ئەو بڕیار وبابەتانەی کە گرنگە لە لایان و کاریگەری هەیە لەسەر ژیانیان، یارمەتیدەر دەبێت بۆ بلاوکردنی کولتوری بەشداری سیاسی. هەروەها ئەم کەش وهەوا سیاسییە دەبێتە هۆی پێگەیشتنی سەرکردەی سیاسی خۆجێی (محلی) کە لە داهاتودا دەبنە سەرکردە لەسەر ئاستی نیشتیمانیدا.

# تایبەتمەندییەکانی لامەرکەزیەت





لە ئەنجامدا دەتوانین بڵێن کە لامەرکەزیەت تەنها لەسەر بنەمای پیرۆکەی گواستنەوەی دەسەڵات لە حکومەتە مەرکەزیەکانەوە بۆ دەستەی لقەکانی خوارووی خۆی نایێت، لە پاڵ ئەمە بریتیە لە زیاد کردنی ئەرك ودەسەڵات وسەرچاوەکان بۆ حکومەتە خۆجێیەکان بەرامبەر حکومەتە مەرکەزیەکاندا.

# جۆر یاخود ڕەهەندەکانی لامەرکەزیەت



لامەرکەزیت لەسەر ئاستی دەوڵەتدا چەندین جۆر و ڕەهەندی هەیە، بۆ نمونە لامەرکەزیەتی سیاسی، لامەرکەزیەتی ئیداری، لامەرکەزیەتی دارایی، لامەرکەزیەتی ئابوری.

# جۆر یاخود ڕەهەندەکانی لامەرکەزیەت





## 1-لامەرکەزیەتی سیاسی:

-بریتیە لە پێدانی دەسەڵاتی زیاتر بە هاوڵاتیان یاخود نوێنەرە هەڵبژێردراوەکانیان، لە پرۆسەی دروست کردنی بڕیاری گشتی. ئەمەیش بەر مەبنای بیرۆکەی (ئەو بڕیارانەی کە لە ئەنجامی بەشداریەکی فراوان دەردەکرێن "دروست دەکرێن"، زیاتر وبە شێوەیەکی باشتر پابەند دەبێت  بە بەرژەوەندییە جۆراوجۆرەکان لە گۆمەڵگادا، بەراورد بەو بریارانەی کە لە لایەن حکومەتی مەرکەزیەوە دروست دەکرێن).

# جۆر یاخود ڕەهەندەکانی لامەرکەزیەت



## 1-لامەرکەزیەتی سیاسی:

-هەروەها شێوازی هەڵبژاردن، یارمەتیدەری هاوڵاتیانە بۆ ئەوەی باشتر ئاشنايي نوێنەره سیاسییەکانیان ببن. هەروەها ڕێگەیان پێ دەدات کەوا ئەندام وفەرمانبەره هەڵبژێردراوەکان ئاشناتر بن بە پێداویستی و ئارەزووەکانی ناوچەکەیان.

# جۆر یاخود ڕەهەندەکانی لامەرکەزیەت



1-لامەرکەزیەتی سیاسی:

-هەندێك پێیان وایە کەوا چوارچێوەی لا مەرکەزیەتی سیاسی فراوانترە. بە شێوەیەك تەماشای دەکەن کە بریتی بێت لە پرۆسەیەکی یاسایی کە لە ڕێگەیەوە ئەرکە حکومیە جیاوازەکان (یاسادانان، جێبەجێ کردن، دادوەری) دابەش دەکرێن لە نێوان ئەو حکومەتەی کە لە مەرکەزی دەوڵەتدا هەیە و ئەو دەسەڵاتانەی کە لە سەنتەرەکانی (ناوچەکانی دیکە هەن وتابعی ئەو دەوڵەتەن، ولە ئەنجامی ئەم دابەشکاریەوە سیستەمەێکی حوکمرانی دروست دەبێت پێی دەوترێت سیستەمی حوکمرانی فیدراڵی.

# جۆر یاخود ڕەهەندەکانی لامەرکەزیەت





## 1-لامەرکەزیەتی سیاسی:

-ئامانج لەم جۆرە بۆچوونە، بریتیە لە جەختکردن لەوە کە دەسەڵاتە خۆجێیەکان هەندێك شەرعیەتیان (ڕەوایەتیەکان) هەیە لە دانانی سیاسەتی سەربەخۆ لە حکومەتە مەرکەزیەکان. بەڵام ئەوەی هەیە لێرە زۆر جار تێکەڵیەك و هەڵە تێگەیشتنێك هەیە لە نێوان ئیدارەی خۆجێی وحکومرانی فیدرالی، ئیدارەی خۆجێی لە هەر یەك لە دەوڵەتە فیدرالیەکان ودەوڵەتە یەکخراوەکان هەیە، لە یەکەمیان دوای ئاستی حکومەتی ویلایەت دێتەوە، بەڵام لەوەی دیکە دوای ئاستی حکومەتی مەرکەزی دێتەوە.

# جۆر یاخود ڕەهەندەکانی لامەرکەزیەت



## 2-لا مەرکەزیەتی ئیداری:

-لامەرکەزیەتی ئیدرای بریتیە لە دووبارە دابەش کردنی دەسەڵات وبەرپرسیاریەتی وسەرچاوە دارییەکان، بۆ ئەوەی خزمەتگوزارییە گشتیەکان لە نێوان ئاستە جیاوازەکانی حوکمرانی پێشکەش بکرێت.

# جۆر یاخود ڕەهەندەکانی لامەرکەزیەت





**2-لا مەرکەزیەتی ئیداری:**

**-هەروەها ئەم خاڵە گرنگەیش لە خۆ دەگرێت: گواستنەوەی بەرپرسیاریەتی پلاندادنان وپارەدارکردن وئیدارەی ئەرکە گشتیە دیاری کراوەکان لە لایەن حکومەتی مەرکەزی ودەستەکانیەوە، بۆ بەشەکانی دەستە حکومیەکان ویەکە تابعەکان یاخود ئاستەکانی حوکمرانی ودەستە گشتیە نیمچە سەربەخۆکان یانیش شارەوانیەکانی ئاستی هەرێمی یاخود وەزیفی.**

# جۆر یاخود ڕەهەندەکانی لامەرکەزیەت



## 2-لا مەرکەزیەتی ئیداری:

**سێ شێوازی لا مەرکەزیەتی ئیداری هەیە :**

**تەرکیزنەکردنی ئیداری، تەفویز، گواستنەوە.**

# جۆر یاخود ڕەهەندەکانی لامەرکەزیەت



## 2-لا مەرکەزیەتی ئیداری - شێوازەکانی لا مەرکەزیەتی ئیداری:

1.تەرکیز نەکردن (Deconcentration): / کە مەبەست لێی:

-تەفویزکردنی دەسەلاتە گونجاوەکانی ئیدارە دوورەکان لە رووی جوگرافیەوە لە لایەن ئیدارەی مەرکەزیەوە، بۆ ئەنجامدانی هەندێك ئەرك کە پێیان دەسپێردرێن.

-گواستنەوەی ئەو چالاکیانە کە هی حکومەتی مەرکەزیە بۆ دەستە خۆجێیەکان، بە مەرجێك دەسەڵاتی مەرکەزی کۆنترۆڵی پرۆسەی دروست کردنی بڕیار دەکات ومافی لێپرسینەوەی دەبێت لەگەڵ دەسەڵاتە خۆجێیەکان دەربارەی ئەو ئەرکانەی کە پێی سپاردون.

# جۆر یاخود ڕەهەندەکانی لامەرکەزیەت



## 2-لا مەرکەزیەتی ئیداری - شێوازەکانی لا مەرکەزیەتی ئیداری:

1.تەرکیز نەکردن  :(Deconcentration) / کە مەبەست لێی:

-گواستنەوە ئەرکەکان لە ئۆفیسی مەرکەزی بۆ یەکە ئیدارییەکانی خوار خۆی، بەڵام بە مەرجێك حکومەتی مەرکەزی دەسەڵاتی کۆتاپی وبنەرەتی دەبێت.

-گواستنەوە بەرپرسیاریەتی لە ئاستی مەرکەزیەوە بۆ ئۆفیسەکان لە ئاستەکانی خوار خۆیدا. بە مەرجێك حکومەتی مەرکەزی سەرپەرشتی ئەو بەرپرسیاریەتیانە دەکات کە گوازراونەتەوە.

-تەرکیز نەکردنی ئیداری لاوازترین شێوازی لامەرکەزیەتە، چونکە بریتیە تەنها لە گواستنەوەی بەرپرسیاریەتی لە فەرمانبەرانی حکومەتی مەرکەزی لە پایتەختدا بۆ ئەوانەی لە ناوچە جیاوازەکانی وڵاتدا کار دەکەن.

# جۆر یاخود رەهەندەکانی لامەرکەزیەت



## 2-لا مەرکەزیەتی ئیداری - شێوازەکانی لا مەرکەزیەتی ئیداری:

### 2-تەفویز کردن :(Delegation)

-ئەو شێوازەیە کە لە رێگەیەوە حکومەتی مەرکەزی بەرپرسیاریەتی دروست کردنی بڕیار وئیدارەی ئەرکە گشتیەکان بۆ ئەو رێکخراوە نیمچە فەرمیانە دەگوازێتەوە کە بە تەواوەتی لە لایەن حکومەتی مەرکەزیەوە چاودێری ناکرێن، بەڵام لە کۆتاییدا لێپرسینەوەیان لەگەڵدا دەکرێت. یاخود بریتیە لە گواستنەوەی دەسەڵاتی بڕیاردان لە ئیدارەی مەرکەزیەوە بۆ دەسەڵاتی خۆجێی، ئەم بڕیارانەیش بریتین لە هەندێك چالاکی دیاری کراو پێش وەختە وەکو دابەش کردنی سەرچاوە داریەکان لە سەر ئاستی خۆجێی، کە دوای ئەوە هەندێك رێنمایی دیاری کراو دەردەکرێت دەربارەی دابین کردنی ئەم سەرچاوانە.

# جۆر یاخود ڕەهەندەکانی لامەرکەزیەت





## 2-لا مەرکەزیەتی ئیداری - شێوازەکانی لا مەرکەزیەتی ئیداری:

### 2-تەفویز کردن  :(Delegation)

-تەفویز کردن بریتیە لەوەی کە سەرۆك هەڵدەستێت بە دانی بەشێك لەو دەسەڵاتانەی کە بە پێی یاسا پێی دراوە بە کەسێك کە لە ژێر کۆنترۆڵ وسەرپەرشتی خۆیدا کار دەکات.

لەبەر ئەمە سەرۆك بەرپرسیار دەبێت لە هەڵەکانی ئەو کەسەی کە تەفویزی کردوە.

-کەسی تەفویز کراو بە دەسەڵاتێك، ناتوانێت کەسی سێیەم تەفویز بکات، تەنها لە حاڵەتێکدا ئەگەر پرۆسەی تەفویز کردنەکە ئەمەی بۆ بە ئاشکرا دیاری کردبێت.

# جۆر یاخود ڕەهەندەکانی لامەرکەزیەت





## 2-لا مەرکەزیەتی ئیداری - شێوازەکانی لا مەرکەزیەتی ئیداری:

### 2-تەفویز کردن :(Delegation)

- هەروەها ئەو کەسەی کە تەفویزەکەی داوە لە هەر کات وساتێکدا بۆی هەیە کۆتایي بە تەفوزیەکە بهێنت وله هەمان کاتیشدا دەتوانێ ئەو بەشە دەسەڵاتە جێبەجێ بکات لەگەڵ ئەوە کەسە کە تەفویز کراوە.

- تەفویز کردن بریتیە لە تەکلیف کردنی ئاستە مەرکەزیەکان بۆ ئاستە خۆجێیەکان، بۆ ئەوەی هەندێك کاروباری پێی بەرێوەبچێت لە جیاتی ئاستە مەرکەزیەکە.

# جۆر یاخود ڕەهەندەکانی لامەرکەزیەت



## 2-لا مەرکەزیەتی ئیداری - شێوازەکانی لا مەرکەزیەتی ئیداری:

### 2-تەفویز کردن (Delegation):

-ئەم شێوەیە لە شێوازەکانی لامەرکەزیەت چەندان تایبەتمەندی بنەمای ( سەرۆك وبریکار) لە خۆ دەگرێت، بە شێوەیەك کە حکومەتە مەرکەزیەکە سەرۆکە و حکومەتە خۆجێیەکەیش بریکارە.

-تەفویزکردن دەسەڵاتی ڕەسەن نابەخشێت، هەروەها ئەوەی تەفویز دەکات (دەدات) دەتوانێ بڕیاری تەفوزیکردنەکە لە هەر کات وساتێکدا هەڵبوەشێنێتەوە، جگە لەمە لە هەمان کاتدا دەتوانی مومارەسەی ئەم دەسەڵاتانەی بکات کە کەسەکەی پێ تەفویز کردوە.

# جۆر یاخود ڕەهەندەکانی لامەرکەزیەت





2-لا مەرکەزیەتی ئیداری - شێوازەکانی لا مەرکەزیەتی ئیداری:

3- گواستنەوە (Devolution):

-بریتیە لەوەی کە تیایدا حکومەتی مەرکەزی هەڵدەستێت بە گواستنەوەی دەسەڵاتەکانی دروست کردنی بریار وپارەدار کردن (تمویل) وئیداره بۆ ئاست ویەکەکانی حوکمرانی نیمچە سەربەخۆ.

-لامەرکەزیەت لە رێگەی گواستنەوەی دەسەڵات بەهێزترە لە تەفویز کردنی دەسەڵات. لەبەر ئەوەی لە حالەتی گواستنەوە، بە پێی یاسا دەسەڵاتە خۆجێیەکان تایبەتمەندی ئەسیل (رەسەن) بوونی هەیە، دواتر هاوسەنگیشە لەگەڵ بەرپرسیاریەتیەکان.

# جۆر یاخود ڕەهەندەکانی لامەرکەزیەت



2-لا مەرکەزیەتی ئیداری - شێوازەکانی لا مەرکەزیەتی ئیداری:

3- گواستنەوە (Devolution):

- هەروەها لە ڕێگەی گواستنەوە، پرۆسەی دابین کردنی سەرچاوە دارییەکانیش دەگوازرێنەوە بۆ دەسەڵاتە خۆجێیەکان، بەم شێوەیەش سەرجەم ئەو بەرپرسیاریەتیانە کە پەیوەندیداری ئەم بابەتن دەگوازرێنەوە لەگەڵ گواستنەوەکە بە بێ دەسوەردانی حکومەتی مەرکەزی.

# جۆر یاخود ڕەهەندەکانی لامەرکەزیەت



## 3- لا مەرکەزیەتی دارایی:

-بەرپرسیاریەتی دارایی توخمێکی سەرەکیە لە توخمەکانی لامەرکەزیەت.

- چونکە بۆ ئەوەی حکومەتە خۆجێیەکان ئەرکەکانی لامەرکەزیەت بە شێوەیەکی کارا جێبەجێ بکەن، ئەوە پێویستیان بە ئاستێکی دیاری کراو هەیە لە داهات، جا ئەم داهاتە دەکرێ لە سەر ئاستی خۆجێی بسەپێنرێت یان بەدەستبهێنرێت یاخود لە لایەن حکومەتی مەرکەزیەوە بۆی بنێردرێت، هەروەها دەبێت لەگەڵ ئەوانەشدا دەسەڵاتی دروست کردنی بڕیارەکانی خەرج کردنیان هەبێت.

# جۆر یاخود ڕەهەندەکانی لامەرکەزیەت





3- لا مەرکەزیەتی دارایی:

گرنگترین توخمەکانی لامەرکەزیەتی دارایی بریتین لەمانەی خوارەوە:

-دابەش کردنی خەرجیەکان لە نێوان ئاستەکانی مەرکەزی و خۆجێی.

-دەسەڵاتی حکومەتە خۆجێیەکان لە سەپاندنی باج.

-دیزاین کردنی سیستەمێك بۆ بەخشین لە نێوان حکومەتەکاندا.

-دانان وچاودێری کردنی تەرازوی جموجۆلی دارایی لە نێوان ئاستە جیاوازەکانی ناو حکومەتی خۆجێی.

# جۆر یاخود رەهەندەكانی لامەركەزیەت





3- لا مەركەزیەتی دارایی:

*هەروەها حكومەتی خۆجێی دەتوانێ پەرە بە پێشكەش كردنی خزمەتگوزاریەكانی بدات، ئەگەر مافی سەپاندن و وەرگرتنی باجی پێ بدرێت، لە جیاتی پشت بەستن بە بەخشینە مەركەزییەكان.

* ئەگەر ئەو داهاتەی كە لە ئەنجامی سەپاندنی باج لەسەر ئاستی خۆجێی بەشی خەرجی خۆجێی نەكات، ئەو كات گرنگی گواستنەوە خۆجێیەكان لە لایەن حكومەتی مەركەزیەوە بۆ یەكە خۆجێیەكان بە شێوەی گواستنە بێ مەرج و مەرجدارەكان دێتە ئارا.

# جۆر یاخود ڕەهەندەکانی لامەرکەزیەت



3- لا مەرکەزیەتی دارایی:

* لە ئەگەری ئەنجامدانی گواستنەوەی مەرجدار، لەو کاتەدا یەکە خۆجێیەکان بەرپرس دەبن بەرامبەر حکومەتە مەرکەزیەکان.

*سەبارەت بە گواستنەوە بێ مەرجەکان، ئەو کات یەکە خۆجێیەکان بەرپرس دەبن بەرامبەر هاوڵاتیانی خۆیان لە ناوچەکەدا.

# جۆر یاخود ڕەهەندەکانی لامەرکەزیەت



## 3- لا مەرکەزیەتی دارایی:

*وڵاتان بە شێوەیەکی گشتی گرنگی بە لا مەرکەزیەتی دارایی دەدەن، بۆیە هەڵسان بە گواستنەوەی هەندێك بەرپرسیاریەتی خەرج کردن و پارەدار کردن لە حکومەتی مەرکەزیەوە بۆ حکومەتە خۆجێیەکان، هەروەها ئاستی چاودێری کردنی مەرکەزیشیان لەسەر کەم کردەوە، بە ئامانجی سوود بینین بە باشترین شێوە لە سەرچاوەکان.

# جۆر یاخود ڕەهەندەکانی لامەرکەزیەت





4- لامەرکەزیەتی ئابوری یاخود لا مەرکەزیەتی بازار:

-مەبەست لێی گواستنەوەی هەندێك لە ئەرکەکانە بۆ کەرتی تایبەت، بۆ نمونە پرۆسەی (بە تایبەتی کردن – خصخصە)، بە تایبەتیکردن دەکرێ ئەمانەی خوارەوە لە خۆ بگرێت:

-ڕێگەدان بە کەرتی تایبەت بۆ جێبەجێ کردنی هەندێك ئەرك کە پێشتر تەنها لە لایەن حکومەتەوە ئەنجام دەدران.

# جۆر یاخود رەهەندەکانی لامەرکەزیەت



**4- لامەرکەزیەتی ئابوری یاخود لا مەرکەزیەتی بازار:**

-ئەنجامدانی گرێبەست بۆ دابینکردن یان بەرێوەبردنی خزمەتگوزاریە گشتیەکان یاخود ئاسنکاری کردن.

-پارەدارکردنی (تەمویل کردنی) بەرنامەکانی کەرتی تایبەت لە رێگەی بازاری سەرمایەداری و رێگەدان بە رێکخراوە تایبەتەکان بۆ بەشداری کردن.

-گواستنەوەی بەرپرسیاریەتی دابین کردن لە رێگەی خزمەتگوزارییە گشتیەکان لە کەرتی گشتی بۆ کەرتی تایبەت.

# جۆر یاخود ڕەهەندەکانی لامەرکەزیەت





4- لامەرکەزیەتی ئابوری یاخود لا مەرکەزیەتی بازار:

*لە زۆربەی وڵاتانی وەکو پۆلەندا، ئاشوری ئەفریقیا، ئۆغەندا، فینلاند، ئۆستralیا، هەندێك لە دەسەڵات و پسپۆریەکان بۆ یەکە خۆجێیەکان گوازراوەنەتەوە. ئەم وڵاتانە هەڵسان بە ئەنجامدانی چەندین چاکسازی، کە بووە هۆی زیاد کردنی توانای ئەنجومە خۆجێیەکان ئەمەیش زیاتر شەفاف بونیان وبواری ئەوەیان بۆ ڕەخساند لێپرسینەوە ئەنجام بدرێت و وەڵامی ویست و ئارەزوو و پێداویستیەکانی کۆمەڵگە بدرێت.

# جۆر یاخود ڕەهەندەکانی لامەرکەزیەت



## تایبەتمەندییەکانی لا مەرکەزیەت

-دەکرێ تایبەتمەندییەکانی لامەرکەزیەت لە رووە سیاسی و کۆمەلایەتی و ئیداریەوە بەم شێوەیە بخەینەڕوو:

# جۆر یاخود ڕەهەندەکانی لامەرکەزیەت



## تایبەتمەندییەکانی لا مەرکەزیەت

### أ- تایبەتمەندییە سیاسییەکانی لامەرکەزیەت:

**1-ڕێگرە لە تاکرەوەی دەسەڵات، چونکە دەسەڵات وبەرپرسیاریەتیەکان دابەشی سەر زیاتر لە ئاستێك دەکرێت.**

2-گرنگی دان بە تواناکانی حکومەتە خۆجێیەکان بۆ وەڵامدانەوەی پێداویستی وداواکارییە خۆجێیەکان.

# تایبەتمەندییەکانی لا مەرکەزیەت





## أ- تایبەتمەندییە سیاسییەکانی لامەرکەزیەت:

3-بەرزبوونی ئاستی بەشداری سیاسی لە نێو گۆمەلگەدا، کە ئەمەیش بەش بە حاڵی خۆی دەبێتە هۆی چەسپاندنی بنەما دیموکراسیەکان وئەمەیش لە کۆتاییدا دەبێتە هۆی سەقامگیری سیاسی. بەشداری کردنی تاکەکانی کۆمەڵگە لە تاوتوێ کردنی ئەو بڕیار و بابەتانەی کە گرنگە لە لایان و کاریگەری هەیە لەسەر ژیانیان، یارمەتیدەر دەبێت بۆ بلاوکردنی کولتوری بەشداری سیاسی. هەروەها ئەم کەش وهەوا سیاسییە دەبێتە هۆی پێگەیشتنی سەرکردەی سیاسی خۆجێێ (محلی) کە لە داهاتودا دەبنە سەرکردە لەسەر ئاستی نیشتیمانیدا.

# تایبەتمەندییەکانی لا مەرکەزیەت



## أ- تایبەتمەندییە سیاسییەکانی لامەرکەزیەت:

4-یارمەتیدەرە بۆ پتوکردنی یەکریزی نیشتیمانی لەو وڵاتانە کە پێکهاتوون لە نەتەوە یاخود ئایینی جیاواز، واتا فرە نەتەوە و فرە ئایینن.

5-پرۆسەی دروست کردنی بڕیار نزیکتر دەکات لە تاکەکان، دواتر هاوئاهەنگیەك دروست دەبێت لە نێوان سیاسەتەکان و داواکارییەکانی تاکەکان، بە تایبەت دروستکەرانی بڕیار لێپێچینەوەیان لەگەڵدا دەکرێت لە لایەن کۆمەڵگە خۆجێیەکانەوە لە ڕێگەی ئەنجامدانی هەڵبژاردنە خۆجێیەکان (محلیەکان).

# تایبەتمەندییەکانی لا مەرکەزیەت



## ب- تایبەتمەندییە کۆمەلایەتیەکانی لامەرکەزیەت:

1-زیاد کردنی هەستی وشیاری لای هاوڵاتیە خۆجێیەکان، لە رێگەی هەستکردنیان بە گرنگی خۆیان وگرنگی ئەو ڕۆڵەیان کە هەیە وپێی هەڵدەستنەوە.

2-بەشداری کردنی هاوڵاتیانی خۆجێی لە پرۆژەکانی گەشەسەندن، بە هۆی ئەو ویست و ئارەزووەی هەیانە لە بارەی پێشکەوتن و رکەبەری.

# تایبەتمەندییەکانی لا مەرکەزیەت



## ب- تایبەتمەندییە کۆمەلایەتیەکانی لامەرکەزیەت:

3-هاوڵاتیە خۆجێیەکان بەرپرسیارێتی ڕووبەڕووبوونەوەی کێشەکان لە ئەستۆ دەگرن وکاردەکەن بۆ چارەسەکردنی بە شێوەیەکی خێرا.

4-چەسپاندنی هەستی پابەندبوون و ئینتیما بۆ کۆمەڵگەی خۆجێ.

# تایبەتمەندییەکانی لا مەرکەزیەت





## ج- تایبەتمەندییە ئیدارییەکانی لا مەرکەزیەت:

1-کەم کردنەوەی ئەرك لە سەر حکومەتی مەرکەزی.

2-خێرایی لە جێبەجێ کردنی ئەرکەکان وبەدەستهێنانی کارایی لە کاری ئیداریدا.

3-ئاسانیکاری هەماهەنگی کردن لە نێوان دەزگاکانی دەوڵەت لە یەك هەرێمدا.

4-هاندانی کارمەندان، لە رێگەی رەخساندنی دەرفەت بۆیان بۆ بەشداری کردن لە پرۆسەکانی دەرکردنی بڕیار.

# تایبەتمەندییەکانی لا مەرکەزیەت



## ج- تایبەتمەندییە ئیدارییەکانی لا مەرکەزیەت:

5- راهێنانی بەرێوەبەرەکان لە هەرێم وپارێزگاکان، لە رێگەی تەفویزکردنی دەسەڵاتەکان بۆیان. بەمەیش دەرفەتیان بۆ دەرخەسێت بۆ ئەوەی ئەزموونیان زیاد بێت وفێربن لە رێگەی کارکردنەوە.

6-بچووکردنەوەی دەزگاکانی حکومەت، بۆ ئەوەی ئیدارەکەی ئاسانتر بێت و توانا و هێزی وەڵامدانەوەی پێداویستی تاکەکانی زیاتر بێت. بەم شێوەیەش تاکەکان توانایان زیاتر دەبێت بۆ لێپرسینەوە لە حکومەت.

# تایبەتمەندییەکانی لا مەرکەزیەت





## د-تایبەتمەندییەکانی لامەرکەزیەتی ئابوری:

1-جێبەجێ کردنی کارامایی بەرهەم هێنان ودابەش کردن، سەرەرای ئەوەی چاکسازی لە چەندان بواری جیاوازدا کراوە وسەرچاوەی بۆ خەرج کراوە بەڵام زۆربەی حکومەتە مەرکەزیەکان شکستیان هێناوە لە پێشکەش کردنی خزمەتگواریە خۆجیەکان بەو کوالیتیەی کە پێویستە، بە مەبەستی باشترکردنی ئاستی بژێوی زۆرینەی دانیشتوان. ئەم شکستە بۆ کەمی سەرچاوەکان ناگەرێتەوە بەڵکو بۆ خراپ بەکارهێنانی سەرچاوە بەردەستەکان دەگەرێتەوە، بە هۆی دووری حکومەت لە هاوڵاتیان. چونکە فەرمانبەرانی حکومەتی مەرکەزی زانیاری تەواو وپێویستیان لەبەر دەست نییە دەربارەی کاروباری خۆجێی بۆ پێشکەش کردنی خزمەتگوزارییە حکومیەکان.

# تایبەتمەندیيەكانی لا مەركەزیەت





## د-تایبەتمەندییەكانی لامەركەزیەتی ئابوری:

2-ئەو كاراییەی كە لە پێشكەشكردنی خزمەتگوزاریدا دابینی دەكات، بەندە بە دوو ڕەهەندەوە: بەرهەم هێنان و دابین كردن. كارايي بەرهەم هێنان لەو كاتە بەدی دەكرێت كە ئابوری كاری لەسەر بەرهەمهێنانی شتومەكەكان كرد بە پێی توانا بەردەستەكان. كارايي دابەش كردنیش لەسەر دابین كردنی سەرچاوەكان بەندە، بە پێی ویست و ئارەزووی بەكاربەران.

# تایبەتمەندییەکانی لا مەرکەزیەت





د-تایبەتمەندییەکانی لامەرکەزیەتی ئابوری:

3- هاندانی بازارە بچووکەکان و بە تایبەتی کردن وەکو ئامرازێك بۆ جێگیرکردن و پاڵپشتی کردنی لا مەرکەزیەت.

4-زیاد کردنی توانای دانیشتوانی خۆجێ لەو ناوچانەی کە پێشتر فەرامۆش کراون وناوچە خۆجێیەکان، بۆ ئەوەی بگەنە سەرچاوەی حکومەتی مەرکەزی لە وڵاتانی تازە پێگەیشتوو.

# تایبەتمەندییەکانی لا مەرکەزیەت





د-تایبەتمەندییەکانی لامەرکەزیەتی ئابوری:

5- بەرزکردنی ئاستی بەشداری کردن لە لایەن کۆمەڵگە خۆجێیەکان کە توانای هەیە گوشار بکات و کاریگەری هەبێت لە سەر دەزگا حکومیەکاندا، ئەمەیش دەبێتە هۆی زیاد کردنی پشکی کۆمەڵگە خۆجێیەکان لە بودجە وسەرچاوە نەتەوەییەکاندا.

6-لەبەر چاو گرتنی پلانی خۆجیی لە چوارچێوەی ستراتیژی نەتەوەیي بۆ گەشەپێدان.

# لایەنە خراپەکانی لا مەرکەزیەت

147

1-لاوازکردنی دەسەڵاتی مەرکەزی، ئەمەیش دەبێتە هۆی لاوازکردنی هەماهەنگی لە نێوان مەرکەز و هەرێمەکاندا، و لە نێوان خودی هەرێمەکان. کە ئەمەیش بەرپرسیاریەتی ئیدارەی مەرکەزیە.

2-پابەند نەبوونی هەرێم و ئیدارە خۆجێیەکان، بەو پلانانەی کە لە لایەن مەرکەزەوە دانراون، ئەمەیش دەبێتە هۆی لاوازبوونی جێبەجێ کردنی سیاسەتە گشتیەکانی دەوڵەت.

# لایەنە خراپەکانی لا مەرکەزیەت



3- بەرزبوونی تێچووی دارایی، بە هۆی دووبارەبونەوەی هەندێك یەکە، وەکو کاروباری یاسایی و ئیداری لە سەر ئاستی خۆجێی.

4-کەمکردنەوەی کارایی لە رێگەی سنوردارکردنی توانای کۆمەڵگە خۆجێیەکان بۆ جێبەجێ کردنی ئابوریە چوارچێوە فراوانەکان لە هەندێك خزمەتگوزاریدا، بە تایبەت کە ئەمە دەبێتە هۆی زیادبوونی دەرهاوێشتەکان لە نێوان کەرتەکانی پێشکەش کردنی خزمەتگوزارییە گشتیەکان، کە ئەمەیش دەبێتە هۆی نزمبونەوەی کارایی لە ناو کۆمەڵگادا.

# لایەنە خراپەکانی لا مەرکەزیەت



5-مەیلدارە بۆ سەربەخۆیی، بە تایبەتی ئەگەر لامەرکەزیەتەکە هەستی دوژمنایەتی کردنی نەتەوەیی یاخود ئایینی یانیش ئیتنیکی لە خۆ بگرێت.

6-نایەکسانی لە نێوان کۆمەڵگە ناوخۆییەکان وناوچەکان، بە پێی جیاوازی تواناکان لەسەر ئاستی رێکخراوە ناوخۆییەکان.

7- بە دەرکەوتنی نوخبە یاخود چینە نوخبەویەکان لە سەر ئاستی خۆجێی کە رۆڵێکی زیاتر لە پێویست لە خۆ دەبینێت لە پلاندان وئیدارە لە ئاستە خۆجێیەکاندا.

# لایەنە خراپەکانی لا مەرکەزیەت



8- بڵاوبوونەوەی دیاردەکانی گەندەڵی و خزمایەتی (خزمخزمێنە) و نامۆبوونی سیاسی لە ئەگەری لاوازی لێپرسینەوەی ناوخۆییدا.

9-نەبوون ولاوازیی ئاستی ناوخۆیی توانای بەڕێوەبردنی دارایی گشتی ودانانی ڕێکاری ژمێریاری باش.

# لایەنە خراپەکانی لا مەرکەزیەت



10- لاوازی ئەو دەسەڵات وبەرپرسیاریەتیانە کە حکومەتی مەرکەزی دەیانگوازیتەوە بۆ یەکە خۆجێیەکان. بۆ نمونە لە پاکستان، حکومەت هەڵسا بە تەفویز کردنی سەنتەرەکان (ناوچەکان) بە بەرپرسیاریەتی پێشکەش کردنی خزمەتگوزارییەکانی پەروەردە ، بەڵام ناوچەکان ناتوانن بڕیاری دامەزراندن و دەرکردن یاخود گواستنەوەی مامۆستا بدەن.

له كۆتاییدا، جێبەجێ كردنی لامەركەزیەت پێویستی بە پەیوەندیی بەهێز و لێپرسینەوە هەیە لە نێوان سەرجەم ئەكتەرەكانی پرۆسەی پێشكەش كردنی خزمەتگوزاری گشتی، هەروەها بوونی مافی لێپرسینەوە لە بڕیاردەركەران وسیاسەتمەدارەكان دەربارەی دابەش كردنی سەرچاوەكان بە مەبەستی پێشكەش كردنی ئەم خزمەتگوزاریانە، لە لایەن هاوڵاتیانەوە.

# سیستەمی حوکمرانی لە وڵاتە فیدڕالیەکان



## ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا

-سەرەتا ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا لە سێزدە موستعەمەرە پێکهێنرا و لە ڕێکەوتی 4ی تەمووزی ساڵی 1776 سەربەخۆیی خۆی لە بەریتانیای عوزمە ڕاگەیاند.

- لە 1ی ئازاری ساڵی 1781 دەستوری فیدڕاڵی پەسەند کرا ودەستوری ئەمرۆ لە 17ی ئەیلولی ساڵی 1787 قبوڵ کراوە.

# سیستەمی حوکمرانی لە وڵاتە فیدڕالیەکان



## ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا

-سیستەمی حوکمرانی لە سێ دەسەڵاتی پێکهاتووە کە بریتین لە یاسادانان وجێبەجێ کردن وادادوەری.

-دەسەڵاتی یاسادانان لە کونگرێس پێکهاتووە کە ئەویش لە ئەنجومەنی پیران ونوێنەران پێکدێت.

-ئەنجومەنی پیران لە 100 ئەندام پێکدێت کە هەر ویلایەتێك بە 2 ئەندام نوێنەرایەتی دەکرێت و راستەوخۆ بۆ ماوەی 6 ساڵ هەڵدەبژێدرێن.

# سیستەمی حوکمرانی لە وڵاتە فیدراڵیەکان



## ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا

-ئەنجومەنی نوێنەران لە 435 ئەندام پێکدێت ولە ویلایەتەکان هەڵدەبژێدرێن هەر ویلایەتێك بە پێی ڕێژەی دانیشتوانی نوێنەرایەتی دەکرێت. ئەندامانی ئەم ئەنجومەنە بۆ ماوەی دوو ساڵ هەڵدەبژێردرێن.

# سیستەمی حوکمرانی لە وڵاتە فیدرِالیەکان



## ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا

-ئەنجومەنی پیران پەسەندی هەر یەك لە (دامەزراندنی بەرپرسە باڵاکان دەکات) و (پەیماننامە نێودەوڵەتیەکان) دەکات.

-هەر دوو ئەنجومەن دەتوانن پێشنیاری وپەسەندی پرۆژە یاساکان بکەن وپەسەندکردنی بودجە و پێکهێنانی لیژنەکانی لێکۆڵینەوە بۆ چاودێری کردنی دەسەڵاتی جێبەجێ کردن بکەن.

# سیستەمی حوکمرانی لە وڵاتە فیدرٖالیەکان/ ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا



-دەسەڵاتی جێبەجێ کردن لە بنەرەتدا لە ژێر کۆنترۆڵی سەرۆکە، چونکە سەرۆك لە هەمان کاتدا هەم سەرۆکی وڵاتە وهەمیش سەرۆکی حکومەتە.

-هەروەها دەسەڵاتی جێبەجێ کردن لە جێگری سەرۆك ووەزارەتەکان وئاژانسە فیدرٖاڵیەکانیش پێکدێت.

-سەرۆك بۆ ماوەی 4 ساڵ هەڵدەبژێدرێت، جێگری سەرۆکیش بۆ هەمان ماوە هەڵدەبژێدرێت، وەزیرەکان یاریدەدەری سەرۆکن، سەرۆك هەر چ کاتێك بیەوە دایاندەمەزرێنێت و دەیانبخشێت لە ئەرکەکانیان و لێپرسینەوەیان لەگەڵدا دەکات.

# سیستەمی حوکمرانی لە وڵاتە فیدڕالیەکان



## ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا

-دادگای باڵا لە سەروی دەسەڵاتی جێبەجێ کردنە، کە پێکدێت لە 7 ئەندام لە لایەن سەرۆکەوە هەڵدەبژێدرین تا لە ژیاندا ماون، ئەویش دواى رەزامەندى ئەنجومەنی پیران.

-ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا لە 50 ویلایەت پێکدێت وهەر ویلایەتێك لە پاڵ دەستوری فیدڕاڵی، دەستوری تایبەتی خۆی هەیە، هەورەها هەر ویلایەتێك دەسەڵاتی یاسادانان وجێبەجێ کردن ودادوەری تایبەت بە خۆی هەیە. (سەرجەم دەسەڵاتەکانی یاسادانان لە ویلایەتەکان جگە لە ویلایەتی نبراسکا، لە دوو ئەنجومەن پێکدێت).

# سیستەمی حوکمرانی لە وڵاتە فیدراڵیەکان



## ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا

-لە رووی دەسەڵاتی جێبەجێ کردن، لە هەر ویلایەتێکدا حاکمێك (فەرمانرەوایەك) هەیە سەرۆکایەتی دەسەڵاتی جێبەجێ کردن دەکات، ئەم حاکمە لە لایەن خەڵکەوە (هاوڵاتیانەوە) لە رێگەی هەڵبژاردنە گشتیەکانەوە هەڵدەبژێردرێت.

-ئەم حاکمە هەڵبژێدراوە دەسەڵاتەکانی لە ویلایەتێکەوە بۆ ویلایەتێکی دیکە دەگۆردرێت، زۆربەی ویلایەتەکان یاریدەدەری حاکمیان هەیە.

# سیستەمی حوکمرانی لە وڵاتە فیدڕالیەکان /ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا



-دەسەڵاتی دادوەری لە ویلایەتەکان، بە سەرۆکایەتی دادگای باڵای ویلایەتە، ئەم دادگا باڵایەی ویلایەت لە سەروی دادگاکانی خواری خۆی دەبێت لە ویلایەتەکەدا.

-بە شێوەیەکی گشتی حکومەتەکانی ویلایەتەکان چەندان ئەرك ودەسەڵات جێبەجێکردنیان هەیە، ئەم دەسەڵات وئەرکانە لە ویلایەتێکەوە بۆ ویلایەتێکی دیکە دەگۆردرێن لە رووی فراوانیی و بەرتەسکی و جیاوازی دەسەڵات و ئەرکەکانەوە.

-ئەم دەسەڵاتانە بە کورتی لەچالاکیە کولتوریەکان، چاودیری کۆمەلایەتی وئابوری کورت دەبنەوە.

# سیستەمی حوکمرانی لە وڵاتە فیدرڕالیەکان



## ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا

-ئەمەی خوارەوە شرۆڤەیەکە بۆ توخمەکانی سیستەمی حکومی خۆجێی لە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا:

### ئاستەکانی حکومی خۆجێی

-ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا وڵاتێکی فیدرڕاڵیە (اتحادیە) لە 50 ویلایەت پێکهاتووە، جگە لە ناوچەی کۆلۆمبیا کە بە پێی دەستوری فیدرڕاڵی تەنازولی لە تەواوی سەروەری دەرەکی و بەشێك لە سەروەری ناوخۆیی کردوە بۆ بەرژەوەندی دەوڵەتی فیدرڕاڵی.

# سیستەمی حوکمرانی لە وڵاتە فیدڕالیەکان



## ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا

### ئاستەکانی حکومی خۆجێی

-حکومەتە خۆجێیەکان لە ئەمریکا دروستکراوی ویلایەتەکانن. بە پێی دەیەمین هەمواری دەستوری ئەمریکا، حکومەتی خۆجێی خراوەتە چوارچێوەی دەسەڵاتەکانی ویلایەتەکاندا.

-بۆیە هەر ویلایەتێك ئازادە لە دیاری کردنی سیستەمی حوکمرانی خۆجێی کە دەگونجێت لەگەڵی.

# ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا



## ئاستەکانی حکومی خۆجێی

-سەبارەت بە ئاستەکانی حوکمرانی، ئەمریکا پێکهدێت لە چوار ئاستی حوکمرانی بەم شێوەی خوارەوە:

ئاستی یەکەم: حکومەتی فیدرِاڵی.

ئاستی دووەم: حکومەتی ویلایەت.

ئاستی سێیەم: حکومەتی موقاتەعە (کەرت).

ئاستی چوارەم: حکومەتی شارەوانی.